NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY
SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD

ARAN
for developing civil culture

رێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی
بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی

# چاودێری کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

راپۆرتی بنکۆڵکاری

**Aran Organization for the Development of Civic Culture, supported by the National Endowment for Democracy**

Survey Report

4
راپۆرتی ژمارە

www.aranngo.org

2024

# چاودێری کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

## ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی

**ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی**

**بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی**

2024

## ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 1 | پێشەکی |
| 2 | میتۆدی ڕاپۆرت |
| 6-2 | چۆنێتی کۆکردنەوەی زانیارییەکان |
| 24-8 | یەکەم : کەرتی تەندروستی گشتی |
| 36-25 | تەوەری دوەم : سیمی پرایڤد - نیمچە تایبەت |
| 42-37 | تەوەری سێیەم : کلینکە پزیشکیە ئێوارانەکان |
| 50-42 | تەوەری چوارەم : نەخۆشخانە تایبەتەکان ( ئەهلیەکان) |
| 52-50 | تەوەری پێنجەم : نۆرینەگەکان |
| 57-52 | تەوەری شەشەم: سەنتەرەکانی جوانکاری لە هەرێمی کوردستان |
| 59-58 | تەوەری حەوتەم: مەترسی بڵاوبونەوەی نەخۆشی ئایدز لە هەرێمی کوردستان |
| 65-59 | تەوەری هەشتەم: بازرگانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان |
| 68-66 | تەوەری نۆیەم: یاسای نوێی وەزارەتی تەندروستی |
| 76-69 | تەوەری دەیەم: بازرگانی خۆراك لە هەریمی کوردستان |
| 77 | هێڵی زانیارییە گشتیەکانی ئەم ڕاپۆرتە |
| 78-77 | سەرچاوەکانی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە |
| 78 | خاوەندارێتی ئەم ڕاپۆرتە |
| 79 | ستافی ئامادەکار |

## پێشەکی:.................................................................

بۆ ساڵی پێنجەم لەسەر یەکە ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی پێنجەمین ڕاپۆرتی خۆی لەسەر ڕەوشی تەندروستی هەرێمی کوردستان لە ڕوی بەرێوەبردنەوە، بلاو دەکاتەوە، ڕاپۆرتەکانی ساڵانی ڕابردووی ڕێکخراوی ئاران بوون بە جێگای سەرنجی میدیا و دامودەزگاکاتنی حکومەت، ئەوەش لەبەر ئەوەی زانیاری و ئاماری وردی لەبارەی کەرتی تەندروستی هەرێمی کوردستان لە خۆ گرتبوو، کە پیچشتر میدیا پەی پێ نەبردوو، ڕاپۆرتی ژمارە چوار، کە ساڵی ڕابردوو بلاوکرایەوە، زیاتر لە (100) ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی و دەیان پرۆگرامی میدیایی لەسەر کرا، ئەوەش گرنگی ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکە دەر دەخات لەبارەی کەرتی تەندروستی هەرێمی کوردستانەوە.

## میتۆدی ڕاپۆرت:...............................................................

**وەسفی شیکاریی:-**

ئەم راپۆرتە راپۆرتێکی بنکۆڵکاری وەسفی شیکارییە، کە واقیعی بارودۆخی بەڕێوەبردنی تەندروستی هەرێمی کوردستان بە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتەوە دەخاتە ڕوو، هاوکات بنکۆڵکاری بۆ دەکات و وەسفێکی شیکاریانەی لەسەر دەکات، کە ژمارە و ئاماری ورد لە خۆ دەگرێت.

**چۆنێتی کۆکردنەوەی زانیارییەکان:..........................................**

تیمی ئامادەکار تەوەرەکانیان دابەشی سەر سێ پلان کرد، پلانی یەکەم دامەزراوە تەندروستیەکانی کەرتی گشتی، پلانی دوەم دامەزراوە تەندروستیەکانی کەرتی تایبەت، ( کلینکە تایبەتە ئێوارەکان، نەخۆشخانە تایبەتە بازرگانیەکان، نۆرینگەکان، سەنتەرەکانی جوانکاریی‌وبازرگانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان) پلانی سێیەم، ئەو تەوەرانەن کە نزیکن لە کەرتی تەندروستیەوە، وەك بازرگانی خۆراك لە هەرێمی کوردستان و ئەو شوێنانەی بوونەتە مەترسی بڵاوبونەوەی نەخۆشی کەمبوونەوەی بەرگری لەش ( ئایدز)

پلانی یەکەم: کۆکردنەوەی زانیاری کەرتی گشتی:

تیمی ئامادەکاری بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکانی کەرتی گشتی، پشتی بە سەردانی دامەزراوەپەیوەندی دارەکانی حکومەت بەست، کە لەگەڵ بەرپرسانی ئەو دامەزراوانە کۆبونەوەی ئەنجامداوە، لەو میانەشدا داتا و ئاماری وردی وەرگرتوە، جگە لەمە تیمی ئامادەکار بە شێوەی تایبەت لەگەڵ کەسانی خاوەن زانیاری لەنێو بەرپرسان و کارمەندانی کەرتی گشتی

لەدەرەوەی دامەزراوەکان کۆبۆتەوە، کە ئەوانیش سەرچاوەی گرنگی بەدەستهێنانی زانیارییەکانی ئەم راپۆرتەن.

**ئاستەنگەکانی بەردەم کۆکردنەوەی زانیاریەکانی کەرتی گشتی:........**

تیمی ئامادەکار روبەرووی ئاستەنگی زۆر بۆیەوە لە بەدەستهێنانی زانیاریەکانی کەرتی گشتی، ئەوەش بەهۆی ئەوەی بەشێك لە بەرپرسانی کەرتی گشتی یان ئامادە نەبوون تیمی ئامادەکار ببینن یان لەکاتی بینیندا ئامادە نەبوون زانیاری بدەن بە تیمەکەو داوای رەزامەندی سەروی خۆیان کردوە، کە ئەوەش بەمانای نەدانی زانیاری دێت، چونکە سەروی ئەوان ئامادە نەبوون رێگەپێدانی لەو جۆرە بکەن، بۆیە تیمی ئامادەکار ناچار بوو پەنا بۆ کەسانی خاوەن زانیاری لە ناو کارمەندان و بەرپرسە مام ناوەندیەکانی کەرتی گشتی بباتو بە شێوەی نافەرمی ئاماری دروستیان لێ وەربگرێت.

**زانیاریە بە ئامانج گیراوەکانی کەرتی گشتی بۆ بەدەستهێنان:..........**

تیمی ئامادەکاری لە میانی هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی زانیاریەکانی کەرتی گشتی، بەدەستهێنانی ئەم زانیاریانە ئامانجی سەرەکی بوو:- ژمارەی دروستی نەخۆشخانە حکومییەکان، ژمارەی دروستی سەنتەرە پسپۆریەکان، ژمارەی دروستی مەڵبەند و بنکە تەندروستیەکان، دابەشبوونی جوگرافی نەخۆشخانە و بنکە و مەڵبەند و دامەزراوە تەندروستیەکانی دیکە بەسەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بە رەچاوکردنی پۆلێنی سەنتەری شار و قەزا و ناحیە و گوندەکان، ژمارەی ئەو پزیشك و کارمەندە تەندروستیانەی لە کەرتی

گشتیدا کار دەکەن، ژمارەی کۆی گشتی بێدی نەخۆش لە نەخۆشخانە حکومیەکان، ژمارەی کۆی گشتی بێدی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە حکومیەکان، ژمارەی هۆڵەکانی نەشتەر گەریی، ژمارەی سەردانی نەخۆش ساڵانە بۆ نەخۆشخانە حکومیەکان، ژمارەی ئەو نەشتەرگەریانەی ساڵانە ئەنجام دەدرێن، جیاکردنەوەی رێژەی ئەو نەشتەرگەریانەی بە بێ بەرامبەر دەکرێن لەگەڵ ئەوانەی بە نیمچە تایبەت دەکرێن.

پلانی دوەم: کۆکردنەوەی زانیارییەکانی کەرتی تایبەت:

تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە لە چوارچێوەی کەرتی تایبەت، زانیاری لەسەر کلینکە ئێوارانە تایبەتەکان، نەخۆشخانە تایبەتەکان، سەنتەرەکانی جوانکاریی، نۆرینگەکان کۆ کردەوە، ئەمەش دابەشی سەر چەند بەشێك کرا:-

**بەشی یەکەم:- ژمارەی دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت:** تیمی ئامادەکار بۆ بەدەستهێنانی ئاماری وردی ئەو ئەو شوێنانە پشتی بە داتاکانی سەندیکا پزیشکی و تەندروستیەکان بەست، کە سەندیکای پزیشکان و سەندیکای کارمەندانی تەندروستی بەدەنگ داواکاری تیمی ئامادەکارەوە هاتن و ئاماری وردیان لەسەر ژمارەی کلینکەکان و نەخۆشخانە تایبەتەکان و سەنتەرەکانی جوانکاری و نۆرینگەکان و ژمارەی کۆی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دا بە تیمی ئامادەکار.

سەندیکای دەرمانسازان لقی سلێمانی تەنیا سەندیکا بوو کە رەتی کردەوە زانیاری لەسەر ژمارەی دەرمانخانەکان بدات بە تیمی ئامادەکار، ئەوەش بە بیانوی ئەوەی بابەتێکی هەستیاری ئەمنیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم راپۆرتە

کاری لەسەر ژمارەی دەرمانخانەکان نەکرد بۆیە هەڵوێستی ئەو لقەی سەندیکای پزیشکانی دەرمانسازی بەلاوە گرنگ نەبوو.

**بەشی دووەم: کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ژمارەی نەخۆش و خزمەتگوزاریەکانی دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت:-**

تیمی ئامادەکار بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیاریە 100٪ پشتی بە گەڕان و سەردانی مەیدانی تیمە گەرۆکە لاوەکیەکانی خۆی بەست، بۆ ئەو مەبەستە لەسەر ئاستی هەر چوار ناوچە سەرەکیەکە (711) سامپڵ بەشێوەی هەڕەمەکی وەرگیران، ئامانجی تیمی ئامادەکار بەدەستهێنانی ژمارەی نەخۆش بۆ کلینکەکان و ژمارەی نەشتەرگەریی و بێدی مانەوەی ئاسایی و بێدی مانەوەی چاودێری چڕ بوو بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکان و ژمارەی خوازیارانی ئەنجامدانی کاری جوانکاریی بۆ سەنتەرەکانی جوانکاریی بوو، نرخی بینینی یەك نەخۆش، نرخی ئەنجامدانی نەشتەرگەریەك بۆ جۆرەکانی نەشتەر گەریی، نرخی مانەوەی یەك (24) کاتژمێریی لە بێدی ئاسایی و بێدی چاودێری چڕی نەخۆشخانە تایبەتەکان، ئامانجێکی دیکەی سەرەکی تیمی ئامادەکار بوو. بۆ دەرخستن و دیاری کردنی نرخێکی تێکڕا بۆ هەر یەکێك لەو خزمەتگوزیارنە، هەروەها بۆ دەرخستنی ژمارەی سەردانی نەخۆش و ئەنجامدانی نەشتەرگەریی و مانەوە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان، بەراوردی ئامارە بەدەستهاتووەکان کرا، ئەو ژمارانەی لە زۆرترین شوێن دووبارە دەبونەوە وەك ژمارەی ناوەند دیاری کران. تیمی ئامادەکار لەکاتی سەردانی بۆ نەخۆشانە تایبەتەکان لە گەڵ ستاف بەشی کارگێڕی نەخۆشخانەکان گفتوگۆی کردوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی، هەروەها لەکاتی سەردانیی کردن بۆ کلینکەکان لەگەڵ ئەو ستافەی لەبەردەستی پزیشکەکان کار دەکەن و

زانیارییان هەیە لەسەر کلینکەکە قسەی کردوە، ئەمە جگە لەوەی لە هەر سەردانێکدا لەگەڵ ژمارەیەك لەو نەخۆشانەی یان ئەو کەسانەی خوازیاری کاری جوانکاریی بوون لەو شوێنانە قسەی کردوە.

پلانی سێیەم:- کۆکردنەوەی زانیاریی دەربارەی ئەو بابەتانەی لە بواری تەندروستیەوە نزیکن ( بازرگانی خۆراك، مەترسی بلاّو بونەوەی ئایدز و بازرگانی دەرمان):- تیمی ئامادەکار بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی لەسەر ئەم بابەتانە دیمانەی تایبەتی لەگەڵ شارەزایانی بوارەکە کردوە، لەبواری دەرمان لەگەڵ چەند پزیشکێکی دەرمانسازی ئاگادار لە بازاری دەرمان و سیاسەتی حکومەتی هەرێم بەرامبەر بازرگانی دەرمان دیمانەی کردوە کە نەیانویست ناویان لەم راپۆرتە بهێندرێت، بۆ بابەتی خۆراك لەگەڵ ئەندازیاری خۆراك، لەشکر حەمید دیمانەیەکی تایبەتی ئەنجامداوە، بۆ بواری مەترسی بلاّو بوونەوەی نەخۆشی ئایدز، لەگەڵ چەند پزیشکێکی پسپۆری نەخۆشیە گوازراوەکان و ئەفسەرانی ئاسایش و پۆلیسی بەشی مانەوە قسەی کردوە کە نەیان ویستوە ناویان لە راپۆرتەکەدا بهێندرێت.

## تەوەرەکانی راپۆرت

**یەکەم/ کەرتی گشتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان**

**دووەم/ سیستەمی نیمچە تایبەت (سیمی پرایڤد)**

**سێیەم/ کلینکە پزیشکیە ئێوارەنەکان**

**چوارەم/ نەخۆشخانە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان (ئەهلیەکان)**

**پێنجەم/ نۆرینگە پزیشکیەکانی هەرێمی کوردستان**

**شەشەم: سەنتەرەکانی جوانکاریی لە هەرێمی کوردستان**

**حەوتەم/ مەترسی بڵاوبونەوەی ئایدز لە هەرێمی کوردستان.**

**هەشتەم/ بازرگانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان**

**نۆیەم/ هەوڵی گۆڕینی یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان.**

**دەیەم/ بازرگانی خۆراك لە هەرێمی کوردستان**

## درێژەی تەوەرەکانی ڕاپۆرت

**یەکەم / کەرتی تەندروستی گشتی:..........................................**

### 1- نەخۆشخانە حکومیەکان :

**دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری جیاوازیان لە بارەی ژمارەی نەخۆشخانە حکومیەکانی هەرێمەوە هەیە، بەپێی دواین ئاماری دەستەی ئامار لە هەرێمی کوردستان، لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (128) نەخۆشخانەی حکومی هەن، هەروەها بەپێی  ئەو ئامارەی لەلایەن فەرمانگەی میدیا و زانیاریەوە بڵاو کراونەتەوە لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (83) نەخۆشخانەی حکومی هەن ، بەم پێ یەش جیاوازی نێوان هەردوو ئامارەکە (45) نەخۆشخانەیە، کە بەپێی ئامارەکەی فەرمانگەی میدیا و زانیاری ژمارەی نەخۆشخانە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان (45) نەخۆشخانە کەمترە لەوەی  دەستەی ئامار بڵاوی کردۆتەوە. لایەنی پەیوەیندار سەرەکی بەم پرسە وەزارەتی تەندروستیە، بەڵام وەزارەتی هیچ ئامارێکی لەو بارەیەو  بڵاو نەکردۆتەوە، رێکخراوی ئاران بۆ گەشتن بە ئاماری راستەقینەی نەخۆشخانە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان هەستا بە ئەنجامدانی روپێویەك لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان و لە ئەنجامیشدا دەرکەوت  هیچ کام لە ئامارەکانی دەستەی ئامار و فەرمانگەی میدیا و زانیاری ورد نین و ژمارەی راستەقینەی نەخۆشخانە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بریتی یە لە (85) نەخۆشخانەی حکومی، هەروەها دوو نەخۆشخانە لە قۆناغی دروستکردندان لە قەزای چەمچماڵ کە نەخۆشخانەیەك لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەسەر بودجەی سەرۆکایەتی کۆمار و نەخۆشخانەیەکیش لەلایەن وەبەرهێنەر جەمالی حاجی عەلی، لەسەر بودجەی خۆی وەك کارێکی خێرخوازی دروست دەکرێت، بە تەواوبوونی ئەم دوو نەخۆشخانەیە ژمارەی نەخۆشخانە حکومیەکانی**

هەرێمی کوردستان دەگاتە (87) نەخۆشخانە، کە بەمجۆرە بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستدا دابەشبوون.

روبەری دابەشبوونی جوگرافی نەخۆشخانە حکومیەکان بەمجۆرە و بەسەر پارێزگاکاندا دابەشبوون:-

| # | پاریزگا | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | سلێمانی | 29 |
| 2 | هەولێر | 34 |
| 3 | دهۆك | 19 |
| 4 | هەڵەبجە | 5 |
| | **کۆی گشتی** | 87 |

بەم پێیە لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی هەر (85,000) کەسێك یەك نەخۆشخانەی بەر دەکەوێت.

2- مەڵبەندو بنکە تەندروستیەکان:

لەهەرێمی کوردستاندا (963) مەڵبەندو بنکەی تەندروستی هەن و بریتین لە (316) مەڵبەندی تەندروستی و (647) بنکەی تەندروستی، روبەری جوگرافیەکەیان بەمجۆرە بەسەر پارێزگاکاندا دابەشبوون:-

| مەلبەندە تەندروستیەکان | | |
|---|---|---|
| # | پاریزگا | ژمارە |

| | | |
|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 99 |
| 2 | سلێمانی و ئیدارەکانی گەرمیان و راپەرین | 122 |
| 3 | دهۆك | 89 |
| 4 | هەڵبجە | 6 |
| **کۆی گشتی** | | 316 |

| بنکە تەندروستیەکان | | |
|---|---|---|
| # | پاریزگا | ژمارە |
| 1 | هەولێر | 174 |
| 2 | سلێمانی و ئیدارەکانی گەرمیان و راپەرین | 357 |
| 3 | دهۆك | 83 |
| 4 | هەڵبجە | 33 |
| **کۆی گشتی** | | 647 |

**به پێی دواین** ئامار دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2023دا (6,556,752) کەس بوە کە رێژەی گەشەی دانیشتوان بریتی بوە لە ٪2، هەروەها (623,839) ئاوارەی ناوخۆیی و (270,537) پەنابەری وڵاتانی دەوروبەر لە هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێن، کە کۆی گشتی دەکاتە (7,451,128) کەس، بەم پێ یەش لە هەرێمی کوردستاندا هەر مەڵبەندێکی تەندروستی لەساڵی 2023دا بۆ (23,579) کەس بووە هەروەها هەر بنکەیەکی تەندروستی لە 2023دا بۆ(11,516) کەس بوە ئەمەش دورە لە ستانداردی رێکخراوی تەندروستی جیهانیەوە، کە دامەزراندنی مەڵبەندی تەندروستیو بنکەی تەندروستی بەپێی رێکخراوی تەندروستی جیهانیو ستانداردی عێراقی دەبێت بەپێی رێژەی دانیشتوانی ناوچەکان بێتو بەپێی چڕی دانیشتوان گۆڕان بەسەر ژمارەی مەڵبەند و بنکە تەندروستیەکاندا بێت و بەلای کەمەوە بۆ هەموو دەهەزار کەسێك مەڵبەندیکی تەندروستی بوونی هەبێت.

### 3- سەنتەرە پسپۆریەکان:

لە هەرێمی کوردستاندا (86) سەنتەری پسپۆری تەندروستی حکومیی هەن، کە ئەوانیش لە چورچێوەی کەرتی گشتی تەندروستی خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوولاتیان دەکەن، دابەشبوونی جوگرافی سەنتەرە تەندروستیەکان بەسەر پارێزگاکان و ئیدارە سەر بەخۆکانی هەرێمی

| پارێزگا | ژمارە |
| --- | --- |
| 1. هەولێر | 30 سەنتەر |
| 2. سلێمانی و ئیدارەکانی راپەرین و گەرمیان | 32 سەنتەر |
| 3. دهۆك | 17 سەنتەر |
| 4. هەڵەبجە | 7 سەنتەر |
| کۆی گشتی: | 86 |

کوردستاندا بە جۆرەیە:-

لە هەرێمی کوردستاندا بۆ هەر (86،000) هاوولاتیەك یەك سەنتەری تەندروستی پسپۆری هەیە.

### 4- ژمارەی هۆڵەکانی نەشتەرگەری لە هەرێمی کوردستان:

لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا و لەناو نەخۆشخانە حکومیەکاندا (281) هۆڵی نەشتەرگەری هەن، کە بەمجۆرە بەسەر پارێزگاکاندا دابەش بوە:

| پارێزگا | ژمارە |
| --- | --- |

| |
|---|
| 1. هەولێر 110 هۆڵی نەشتەرگەریی |
| 2. سلێمانی و ئیدارەکانی راپەرین و گەرمیان 92 هۆڵی نەشتەرگەریی |
| 3. دهۆك 72 هۆڵی نەشتەر گەریی |
| 4. هەڵەبجە حەوت هۆڵی نەشتەرگەریی |
| کۆی گشتی: 281 هۆڵی نەشتەرگەریی |

له هەرێمی کوردستاندا بۆ هەر (26،000) کەسێك یەك هۆڵی نەشتەرگەری هەیە.

5- بێدی مانەوەی درێژ خایەن بۆ نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان:

له سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (6,708) بێدی مانەوەی نەخۆش هەن، کە بەبێدی مانەوەی درێژ خایەن ناو دەبرێن، بەمجۆرە بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دابەشبوون:

| پارێزگا ژمارە |
|---|
| 1. هەولێر 2,391 بێد |
| 2. سلێمانی و ئیدارەکانی راپەرین و گەرمیان 2,895 بێد |
| 3. دهۆك 1,247 بێد |
| 4. هەڵەبجە 175 بێد |
| کۆی گشتی: 6,708 بێد |

بەم پێ یە لە هەرێمی کوردستان بۆ هەر (1،110) کەسێك یەك بێدی نەخۆشی درێژ خایەن هەیە.

6- بێدی مانەوەی کورتخایەن ( فریاکەوتن)

**لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (1,086) بێدی مانەوەی کورتخایەن واتا بەشی فریاکەوتن هەن، بەمجۆرە بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دابەشبوون.**

| پارێزگا | ژمارە |
|---|---|
| 1. هەولێر | 453 بێد |
| 2. سلێمانی و ئیدارەکانی راپەرین و گەرمیان | 459 بێد |
| 3. دهۆك | 123 بێد |
| 4. هەڵەبجە | 51 بێد |
| کۆی گشتی: | 1,086 بێد |

**لە هەرێمی کوردستاندا هەر (6,816) کەسێك یەك بێدی مانەوەی کورتخایەنی بەر دەکەوێت.**

**پاشەکشێی هەرێمی کوردستان لە زیادکردنی بێدی نەخۆش بە رەچاوکردنی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان:-**

**لە ساڵی 2012 لە هەرێمی کوردستان کۆی گشتی هەردوو جۆری بێدی مانەوەی کورتخایەن و درێژخایەن بریتی بوە، لە (7،192) بێد، بەڵام دوای (12) ساڵی لە ساڵی 2024دا ژمارەی هەردوو جۆری بێدی نەخۆش بریتی یە لە (794،7) بێد ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە تەنیا (602) بێد لەماوەی ئەو (12) ساڵەدا زیادکراون، لە کاتێکدا زیادبوونی رێژەی دانیشتوان لەماوەی ئەو (12) ساڵەدا بریتی بوە 24٪.**

7- **ژمارەی پزیشکان :**

**لە هەرێمی کوردستاندا بە پێی داتاکانی سەندیکاکانی پزیشکان(20،340) پزیشك هەن، بەڵام ئەمانە هەموویان لە ئەرکی حکومیدا نین، بەڵکو بەشی**

زۆریان دوای تەواوکردنی خوێندن بوون بە ئەندامی سەندیکا جۆراوجۆرەکانی پزیشکی بەڵام لە کەرتی حکومیدا دانەمەزراون، بەمەش ناتوانن وەك پزیشکی پسپۆر خزمەتبکەن، بەڵکو زیاتر لە نەخۆشخانە تایبەتەکان و کلینکە ئێوارەکان لەبەردەستی پزیشکانی دیکەدا کار دەکەن، بەپێی داتا بەدەستهاتووەکان لەهەرێمی کوردستاندا تەنیا (7,871) پزیشك لەکەرتی گشتیدا دامەزراون و لە نەخۆشخانە حکومیەکاندا خزمەت دەکەن، ئەمەش دەکاتە 38٪ کۆی پزیشکانی هەرێمی کوردستان،بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ هەر (964) کەسێك یەك پزیشك لە کەرتی گشتیدا هەیە، هەروەها هەر (366) کەسێك لە هەرێمی کوردستاندا یەك پزیشکیان لە کۆی هەموو پزیشکانی دامەزراوو دانەمەزراوی بەردەکەوێت.

### دامەزراندنی پزیشکان لە کەرتی گشتیدا:

لەماوەی پێنج ساڵدا واتا 2018بۆ 2022 حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتێکرا (2,184) پزیشکی دامەزراندوە، کە ساڵی 2018 دامەزراندنی (352) پزیشك و ساڵی 2019 دامەزراندنی(384) پزیشكوساڵی 2020 دامەزراندنی (382) پزیشكوساڵی 2021 دامەزراندنی (424) پزیشكوساڵی 2022 ساڵی ( 642) پزیشك دامەزراون.

### 8- کارمەندانی تەندروستی :

لەهەرێمی کوردستاندا تا ئێستا (30,000) پەرستار و کارمەندی تەندروستی لە سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان تۆمار کراون و بوون بە ئەندام، بەڵام لەو ژمارەیە تەنیا نزیکەی (17,000) لە کەرتی گشتیدا کار دەکەن، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە بەهۆی نەبوونی

دامەزراندنەوە، (13,000) پەرستار و کارمەندی تەندروستی ناتوانن لە کەرتی گشتیدا خزمەت بکەن، لە هەرێمی کوردستان بۆ هەر (438) کەسێك یەك پەرستار یان کارمەندی تەندروستی لە کەرتی حکومیدا هەیە، هەروەها بە تێکڕا بۆ هەر (248) کەسێك یەك کارمەندی تەندروستی پەرستاری دامەزراو و دانەمەزراو هەیە.

ژمارەی فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان (52,000) فەرمانبەرەو بەشێوەی گشتی نزیکەی (43,000) فەرمانبەر لەوانە لە بوارە جیاوەزەکانی پزیشکیدا کار دەکەن کە دەکات نزیکەی 87٪ کۆی فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی.

9- بەشی چاودێری چڕ لە هەرێمی کوردستان:

ئەم بەشە بەیەکێك لە بەشە هەرە گرنکەکانی بواری چارەسەری پزیشکی دادەنرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان خزمەتگوزارییەکانی ئەم بەشە تا ئاستێکی زۆر سنوردارە، تێکڕای ژمارەی ئەو بێدانەی لە کەرتی گشتیدا لە هەرێمی کوردستان لە خزمەتدان، نزیکەی (100) بێدە، بەمەش بۆ زیاتر لە هەر (74,000) هەزار هاووڵاتیەك لە هەرێمی کوردستاندا یەك بێدی لە کەرتی گشتیدا هەیە، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات هەرێمی کوردستان لە ئاستی ئەم خزمەتگوزاریە گرنگە زۆر لە دواوەیە، لە پارێزگایەکی وەك سلێمانیدا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی (2,300,000کەس دەبێت تەنیا (25) بێدی چاودێری چڕ لە خزمەتدان، بەمەش هەر (92,000) کەسێك لە پارێزگای سلێمانی یەك بێدی چاودێری چڕیان بەردەکەوێت. زاخۆ تەنیا قەزای هەرێمی کوردستانە کە بەشی چاودێری چڕی تێدا بێت ئەوەش تەنیا (15) بێدەو بۆ سەرجەم دانیشتوانی ئیدارەی سەربەخۆی

زاخۆیە کە ژمارەیان بەپێی دوایین ئامار نزیکەی (303,000)کەسە، بەمەش بۆ هەر (20,000) کەسێك یەك بێدی چاودێری چڕ لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ هەیە.

لە پارێزگای سلێمانی بەدەر لە نەخۆشخانەی شار کە تەنیا نەخۆشخانەی حکومیە بەشی چاودێری چڕی هەبێت، نەخۆشخانەی دکتۆر جەمال بۆ منداڵانیش بەشی چاودێری چڕی تێدایە، ئەم بەشە لە ساڵی 2020 بەهۆی نوێنەکردنەوەی گرێبەستی کارمەندەکانی داخرا، ئەم بەشە (25) کارمەندی گرێبەستی هەبوو، بەڵام ساڵی 2020 وەزارەتی تەندروستی تەنیا گرێبەستی شەش کارمەندی نوێکردەوە، ئەوەش وایکرد (19) کارمەندی بەشەکە دەست لەکارکردن هەڵبگرن و بەو هۆیەشەوە ئەو بەشە گرنگە داخرا، دوای سێ ساڵ و لە ساڵی 2023دا جارێکی تر خرایەوە خزمەت، لەم بەشەدا تەنیا منداڵان دەتوانن سود مەند بن، ئەوەش لەبەر ئەوەی نەخۆشخانەکە تایبەتە بە منداڵان، نەخۆشخانەکە جۆرێك لە رەزامەندی لای هاووڵاتیان هەیە، ئەوەش لەبەر ئەوەی سیستەمی نیمچە تایبەت لەم نەخۆشخانەیەدا پەیڕەو ناکرێت و تا رادەیەك بە پێی تواناى بەردەست خزمەتگوزاری پێشکەش بە منداڵان دەکات، بەپێی زانیاریە بەدەستهاتووەکان، ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە کەمدرامەتەکان کە منداڵیان نەخۆش دەکەوێت سودمەندی ئەم نەخۆشخانەیەن، کە (24) کاتژمێر کراوەیەو چەندین جۆری دەرمانی گران بەها بێ بەرامبەر یان بە نرخی پاڵپشتی کراو پێشکەش دەکات، ئەمە جگە لەوەی سەردانی کەرانی ئەو نەخۆشخانەیە، باس لەوە دەکەن، کە پزیشك و کارمەندانی نەخۆشخانەکە بە رویەکی خۆش و گونجاوەوە مامەڵە لەگەڵ منداڵان دەکەن، ئەمەش وایکردوە کاریگەری باشی لەسەر دەروونی منداڵان

هەبێت، هاوکات سەردانی کەران، لە وەڵامی پرسیارەکانی تیمی رێکخراوی ئاراندا رەزامەندی خۆیان بەرامبەر بەرێوەبەری نەخۆشخانەکە نیشان دەدا، کە پەرۆشی پێوە دیار بوە بۆ باش پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری.

بەرپرسانی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بیانوی خۆیان بۆ کەمیی ژمارەی بێدەکانی ئەو بەشە هەیە، کە دانانی هەر بێدێك زیاتر لە (10,000) دۆلاری تێدە دەچێتومانەوەی یەك نەخۆش بۆ (24) کاتژمێر لە بەشی چاودێرِی چرِ تێچوەکەی لەسەر حکومەت بە پێی بارودۆخی نەخۆشەکە لەنێوان (3,000,000) دینار بۆ (1,000,000) دینارە.

## گرفتەکانی دەستکەوتنی بێدێکی چاودێری چرِ لە نەخۆشخانە حکومیەکان:

دەستکەوتنی بێدێکی چاودێری چرِی کەرتی گشتی بۆ نەخۆشێك نزیکە لە محاڵەوە، گوێ بەوە نادرێ بارودۆخی نەخۆشخەکە چۆنە، ئەگەر وترا جێگا نیە، ئیتر یان دەبێت نەخۆشەکە ببردرێت بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکان یان دەبێت چاوەرِێی مردن بکات، بەرپرسانی تەندروستی بۆ ئەم بابەتەش بیانی ئەوەیان هەیە، کە هیچ کات بێدەکانی چاودێری چرِ چۆڵ نابن، بۆ نمونە لە سلێمانی و لە نەخۆشخانەی شار نەخۆشی وا هەیە چەند مانگێك ماوەتەوەو دواتر گیانی لە دەستداوە، نەخۆشی واهەبوە، کە خەڵکی باشوری عێراق بوەو لە سلێمانی تووشی روداوی هاتووچۆ بوە، بۆ ماوەی حەوت مانگ لەبەشی چاودێری چرِ نەخۆشخانەی شار ماوەتەوەو دواتر گیانی لە دەستداوە.

چەندین چیرۆکی جۆراجۆر لەبارەی چۆنێتی دەستکەوتنی بێدێکی بەشی چاودێری چرِ لە هەرێمی کوردستان هەن، ئەم بەشە زیاتر لەهەموو بەشەکانی دیکە دەستوەردانی حیزبی تێدا دەکرێت، تیمەکانی رێکخراوی

ئاران توانییان چەندین بەسەر هات تۆمار بکەن، کە ئەو کەسانەی نزیکی بەرپرسە دەستڕۆیشتوەکانی حیزبن، بە ئاسانی بێدی ئەو بەشەیان دەستدەکەویێتو کەسانی دەست نەرۆیشتوو ئیزن دەدرێن بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکان.

10-روپێوییەکی مەیدانی مەڵبەندو بنکە تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان.

تیمەکانمان لە میانی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا لە سنوری هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان توانییان زانیاری دەربارەی دابەشبوونی جوگرافی مەڵبەند و بنکە تەندروستییەکان بەدەست بهێنن، کە دەکەونە چی جۆرە ناوچەیەکی هەرێمی کوردستانەوە، کە زۆرینەیان دەکەونە گوندەکانەوە، بە پێی زانیاریە بەدەستهاتوەکان، 16٪ مەڵبەندوبنکە تەندروستیەکان دەکەونە سەنتەری پارێزگاکانو 32٪ دەکەونە سەنتەری قەزاکان و 11٪ دەکەونە سەنتەری ناحیەکانو 41٪ دەکەونە گوندەکانەوە، ئەمەش دابەشبونێکی گونجاوە بۆ ئەو جۆرە دامەزراوە تەندروستیە.

بەپێی راپۆرتی هاوبەشی وەزارەتی تەندروستی عێراق و رێکخراوی تەندروستی جیهانی، سلێمانی لەسەر ئاستی عێراق پلەی یەکەمی هەیە لە بوونی دامەزراوەی کەرتی گشتی، ژمارەی تێکڕای دامەزراوەکانی کەرتی گشتی تەندروستی لە سلێمانی کە سەر بە وەزارەتی تەندروستین بە هەموو جۆرەکانیەوە، برتییە لە (758) دامەزراوە، لە کاتێکدا ژمارەی هەمان جۆرەکانی دامەزراوە لە شارێکی وەك بەغدا بریتی یە لە (485) دامەزراوە، هەروەها پارێزگای هەولێر بە پلەی دوەم دێت کە (512) دامەزراوەی جۆراوجۆری سەر بە وەزارەتی تەدروستی تێدایەو پارێزگای دهۆکیش بە پلەی سێ یەم لەسەر ئاستی هەرێم دێت کە (248) دامەزراوەی جۆراو

جۆری تێدایە، هەرچی پارێزگای هەڵەبجەشە بە پێی راپۆرتەکەی وەزارەتی تەندروستی عێراقورێکخراوی تەندروستی جیهانی وەك بەشێك لە پارێزگای سلێمانی هەژمار کراوەو وەك پارێزگایەکی سەربەخۆ جیا نەکراوەتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی 8٪ دامەزراوە جۆرەجۆرەکانی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، لە خزمەتکردن وەستاون ئەوەش بە هۆی کۆنی بیناکانیان، یان بە پێویست نەزانینیان یان وەستان و لەکارکەوتنی ئامێرەکانیان.

11-ئامێرە پزیشکیەکانی کەرتی گشتی:

بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا (7,212) ئامێری پزیشکی ستراتیژی لە نەخۆشخانە حکومیەکاندا هەن، بەڵام ئەو ژمارەیە هەمووی لە خزمەتکردن بەردەوام نین، بەڵکو 20٪ ئامێرەکان، کە دەکاتە (1,442) بەهۆی تێکچونەوە لە کارکردن راگیراون.

12-لەناو بردنی پاشماوەکان لە دامەزراوە تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان:

بەشێوەیەکی گشتی 39٪ دامەزراوە تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان پاشەرۆ پزیشکیەکانیان فرێ دەدەن، کە ئەمەش دیاردەیەکی زۆر مەترسیدارەو سەرچاوەیەکی سەرەکی یە بۆ بڵاو بونەوەی نەخۆشی، تەنیا 9٪ دامەزراوە تەندروستیەکان پاشەڕۆ پزیشکیەکانیان لە سوتێنەردا دەسوتێنن، سوتێنەر بەرێگایەکی زانستی گونجاو دەزانرێت بۆ لەناوبردنی پاشەرۆ پزیشکیەکان بە بەشێوەیەکی سەلامەت، کە ئەو رێگایە بەشێوەیەکی کەم لە هەرێمی کوردستاندا بەکار دەهێندرێت.

13-پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا:

لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، (32) پرۆژەی جۆراو جۆری ئەنجامداوە یان رەزامەندی داوە ئەنجام بدرێن، (28) پرۆژە لەوانە لەلایەن وەزارەتی تەدروستیەوە ئەنجام دراون‌و چوار پرۆژەش لەوانە لەلایەن خێرخواز یان حکومەتی عێراقەوە ئەنجام دراون، کە بریتین لە دروستکردنی نەخۆشخانەی تایبەت بە کۆرۆنا لە چەمچەماڵ لەلایەنە خێراخوازێك بەناوی دارا مامڵێسی، کە بە کۆکردنەوەی یارمەتی لەخەڵکانی دیکە دروستی کردو رادەستی وەزارەتی تەندروستی کرد و دواتر کرا بە بینای بەرێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵ، دروستکردنی نەخۆشخانەیەك لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەسەر بودجەی سەرۆکایەتی کۆمار لە چەمچەماڵ، دروستکردنی نەخۆشخانەیەك لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیاوە لە شاری سلێمانی، دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی پەنجا تەختی لە لایەن خێرخواز جەمالی حاجی عەلی لە قەزای چەمچەماڵ، بەم پێیەش لە کۆی (32) پرۆژەی تەندروستی لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا (28) پرۆژە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە ئەنجامدراون و چوار پرۆژە لەلایەن خێرخوازان و حکومەتی عێراقەوە ئەنجام دراون، کە هەر چواریان دەکەونە سنوری پارێزگای سلێمانیەوە، لە کۆی ئەو (28) پرۆژەیەی وەزارەتی تەندروستی ئەنجامی داون، تەنیا یەك پرۆژەیان دەکەوێتە پارێزگای سلێمانییەوە، کە بریتی یە لە دروستکردنی نەخۆشخانەی ژیان بۆ کۆرۆنا لە سنوری ئیدارەی راپەرین، (27) پرۆژەکەی دیکە دەکەونە سنوری پارێزگاکانی هەولێرو دهۆکەوە، بەم پێیەش 0.35٪ وەزارەتی تەندروستی بۆ سنوری پارێزگای سلێمانی بوەو 99.65٪ بۆ سنوری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بوە، هەروەها لە کۆی ئەو (32) پرۆژەیەی لەلایەن

خێرخوازان و وەزارەتی تەندروستی یەوە دروستکراون، پێنج پرۆژەیان بۆ سنوری پارێزگای سلێمانی بوە کە دەکاتە 15٪ پرۆژەکان.

**لیستی پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی و خێرخوازان و حکومەتی عێراق لە هەرێمی کوردستان:**

- دیزاین و دروستکردنی نەخۆشخانەی گشتیی سیدەکان.
- دروستکردنی بنکەی تەندروستی لە جۆری A لە ناحیەی پیران مێرگەسوور.
- نەخۆشخانەی لاڤ لاڤ بۆ چاودێریی چرِ لە هەولێر.
- دروستکردنی بنکەی تەندروستیی شاری سانا لە هەولێر.
- دروستکردنی بنکەی تەندروستیی شاری مامۆستایان لە هەولێر.
- دروستکردنی بەشی راوێژکاریی شکان لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژهەڵات- هەولێر.
- نۆژەنکردنەوەی بنکەی تەندروستیی برایەتی لە هەولێر.
- دروستکردنی بنکەی تەندروستیی بەحرکە.
- دروستکردنی نەخۆشخانەی (سوبحی یەعقووبی)ی منداڵان.
- نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی نەخۆشخانەی منداڵان لە ئامێدی.
- دروستکردنی بەشی لەدایکبوون نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە ئاکرێ.

- فراوانکردنی نەخۆشخانەی هێڤی و دروستکردنی بەشی شێرپەنجەی منداڵان.
- دانانی کارگەی ئۆکسجین.
- دیزاین و دروستکردنی نەخۆشخانەی 50 قەرەوێڵەیی لە چەمچەماڵ.
- هاوبەشیی لە دروستکردنی نەخۆشخانەی جەمالی حاجی عەلی.
- دروستکردنی نەخۆشخانەی دڵی منداڵان.
- دروستکردنی نەخۆشخانەی ژیان بۆ کۆرۆنا (ڕاپەڕین).
- دروستکردنی بنکەی تەندروستیی کەورگۆسك.
- دروستکردنی بنکەی تەندروستی لە گەڕەکی کوورانی نوێ لە هەولێر.
- فراوانکردنی نەخۆشخانەی پسپۆریی نەشتەرگەری، سەنتەری دڵ لە هەولێر.
- دابینکردن، دانان، کارپێکردن، کارگەی بەرهەمهێنانی ئۆکسجین.
- دروستکردنی بنکەی تەندروستیی سێبیران لە خەبات.
- دابینکردنی سیستەمی هەوایی پزیشکی لەگەڵ سیستەمی ڤاکیۆم بێد هێدبو بۆ نەخۆشخانەی شەقڵاوە.

- تێکدان و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی بنکەی تەندروستیی ئازادی لە هەولێر.
- سەنتەری ئاوات بۆ چارەسەری تیشك لە هەولێر.
- دروستکردنی نەخۆشخانەی هەوار هاتنی بەردەڕەش.
- دروستکردنی نەخۆشخانەی 100 تەختی لە بەردەڕەش.
- دروستکردنی نەخۆشخانەی لاف لاف لە دهۆك.
- دروستکردنی بەشی ڕاوێژکاریی ئافرەتان لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون هەولێر.

14-کاری پزیشکان لە کەرتی گشتیدا:-

ئەو پزیشکانەی کە لەکەرتی گشتیدا کار دەکەن، 100٪ ئەوانەی پلەی پزیشکی راوێژکاریان هەیە دوو کار دەکەن کارێك لە کەرتی گشتیو کارێك لە کەرتی تایبەت، بەپێی مەرجەکانی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان دەبێت پزیشکی راوێژکار (35) کاتژمێر لە یەك هەفتەدا کار بکات، بەڵام بەپێی بەدواداچونەکانی ئاران لە میانی ئامادەکردنی راپۆرتی ژمارە (3) کە سەرەتای ساڵی 2022 بڵاوکرایەوە، ئەوە دەرکەوت بەدەگمەن پزیشکێك نابینی پابەندی ئەو رێنماییە بێت، بەپێی داتاکانی راپۆرتی ژمارە (3) بەشی هەرە زۆری پزیشکانی راوێژکار ڕۆژانە کەمتر لە چوار کاتژمێر لەکەرتی گشتیدا کار دەکەن کە هەفتانە دەکاتە کەمتر لە (20) کاتژمێر، ژمارەیەك لە پزیشکانی راوێژکار رۆژانە لەکاتژمێرو نیوێك تا دوو کاتژمێر کار دەکەن کە ئەمەش دەکاتە هەفتانە نزیکەی (10) کاتژمێر یان کەمتر، ئەمەش

لەکاتێکدا هەمان پزیشك لە کلینەکە تایبەتەکەی خۆی تا درەنگانی شەو کار دەکات، لە ماوەی نێوان هەردوو راپۆرتەکەدا کە دووساڵە سەرەڕای وروژاندنی بابەتەکە و ئەنجامدانی هەندێك رێوشوێن، بەڵام هێشتا بەشێکی زۆر لەو نەخۆشانەی لە نەخۆشخانە حکومیەکان لە قاوشەکان دەخەوێندرێن گرفتی سەرەکیان ئەوەیە پزیشکەکانیان لە رۆژانی پێنجشەممە جێیان دەهێڵن تا یەکشەممە، هەندێکیان نەخۆشی هەستیارن‌و بارودۆخیان تایبەت‌و مەترسیدارە، ئەمانە بە پزیشکی ئیشکگر دەسپێردرێن، پزیشکە ئیشکگرەکان پسپۆرییان لەگەڵ بەشی هەرە زۆری نەخۆشەکان جیاوازەو ناتوانن هیچی ئەوتۆیان بۆ بکەن، لەمیانی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەشدا کەسانی یاوەری چەندین نەخۆش قسەیان لەگەڵدا کراوە کە باسیان لەوە دەکرد پزیشکی نەخۆشەکانیان ئامادەنین جوابی تەلەفۆنیش بدەنەوەو دەبێت چاوەڕێ بکەن تا رۆژی یەکشەممە پزیشکی پسپۆر دێتەوە بۆ دەوام، بەڵام ئەم بارودۆخە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان تەواو پێچەوانەیە، نەخۆش دەتوانێ زوو زوو لەگەڵ پزیشکەکەیدا پەیوەندی بگرێت‌و لە کاتی هەر پرسیارێکدا ستافی نەخۆشخانە تایبەتەکان پەیوەندی بە پزیشکی نەخۆشکەوە دەکەن‌ورێنمایی لێ وەردەگرن، واتا هەمان پزیشك کە وەڵامی یاوەرانی نەخۆشی خەوتوو لە نەخۆشخانە حکومیەکان ناداتەوە ئامادەیە لە شەوێکدا چەندین جار لە رێگای تەلەفۆنەوە رێنمایی بدات بە نەخۆشەکەی کە لەنەخۆشخانەی تایبەت ماوەتەوەونەشتەرگەریی یان چارەسەری بۆ کردوە، یاوەرانی نەخۆش ئەوانەی لە قاوشی نەخۆشخانە حکومیەکان ماونەتەوە بە ئاسانی هەست بەوە دەکەن کە ئەمە بەشێکی سەرەکی یە لە پرۆسەی ئاراستەکردنی نەخۆش بۆ کەرتی تایبەت. هاوکات جیاوازیەکی زۆر هەیە لە مامەڵە و بینینی نەخۆش و ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردنی پزیشك لە نەخۆشخانە

حکومیەکان و کلینکە تایبەتەکانیان، تیمەکانی ڕێکراوی ئاران کارکردنی ئاسایی یەك هەفتەی پزیشکێکیان لە نەخۆشخانە حکومیەکان و کلینکە تایبەتەکەی خۆی خستە ژێر چاودێریەوە، دەر کەوت پزیشکەکە لە هەفتەیەکدا دوو ڕۆژ و لە ڕۆژێکدا سێ کاتژمێر لە نەخۆشخانە حکومیەکە نەخۆشی بینی، بەڵام لە کلینکە تایبەتەکەی خۆی لە هەفتەیەکدا شەش ڕۆژ و لە ڕۆژێکدا (10) کاتژمێر نەخۆشی بینی، بۆ سەرجەم ڕۆژەکانیش لە کلینکە تایبەتەکەی ژمارەی نەخۆشەکان (70) نەخۆشی تێپەڕاند.

## تەوەری دوەم: / سیمی پرایڤد - نیمچە تایبەت :.........................


ئەم سیستەمە لە ساڵی 2014 وە لە سەرجەم نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت، وەزارەتی تەندروستی بە ئامانجی ئەوەی خەڵك ناچار نەبێت پەنا بۆ کەرتی تایبەتونەخۆشخانەی تایبەت ببات ئەم سیستەمەی داهێناوە، پێناسەی کورتی ئەم سیستەمە ئەوەیە نەشتەرگەری و تیشکە جۆراو جۆرەکان و ڕاپۆرتی پزیشکی بە نیوە نرخ لە نەخۆشخانە حکومیەکان بە ئامێری حکومەتو کارمەندی حکومەتو لەناو بینای حکومەتدا دەکرێت، بەپێی ڕێنماییەکان دەبێت سەرجەم نەشتەرگەرییەکانی سیمی پرایڤد لە دوای کاتژمێر دوی پاش نیوەڕۆوە بکرێن، وە دەبێت لە کاتی بەیانیاندا پزیشکەکان ئەو پشکەی کە بۆیان دیاری کراوەو پێویستە بە بێ بەرامبەر وەك خزمەتگوزاری تەندروستی بێ بەرامبەر پێشکەش بەهاووڵاتیانی بکەن تەواو کردبێت دوای ئەوە نەخۆش ئاراستەی سیمی پرایڤد بکەن، بەپێی زانیاریەکان هەر پزیشکێك لەسەریەتی بەپێی توانای نەخۆشخانەکە ڕۆژانە بێ بەرامبەر پێنج نەشتەرگەریی بکات، کە ئەویش

یەك نەشتەرگەری گەورەو دوو نەشتەگەری ناوەندو دوو نەشتگەری بچوك، دەكرێت دوو نەشتگەری گەورەو یەك بچوك یان یەك ناوەند بكات، دوای ئەوە ئەگەر پێویستی نەشتەرگەریی زیاتر بوو ئەوا دەكرێت نەخۆشەكان ئاراستەی سیستەمی سیمی پرایڤدبكرێن بە نیوەی نرخی بازار نەشتەگەریان لە نەخۆشخانە حكومیەكان بۆ بكرێت. لە ئێستا ئەم سیستەمە هیچ پاڵپشتیەكی یاسایی نیە، هەندێك لە یاسا ناسان وای دەبینن، كە دژی بنەماكانی دەستوری عێراقە، چونكە دەستوری عێراق لەماددەی 31 لە برگەی یەكەمدا باسی لەوە كردوە ئەركی دەوڵەتە خزمەتگوزاری تەندروستی پێشكەش بە هاووڵاتیان بكات و نەخۆشخانەی جۆراجۆر بۆ چارەسەركردنی خەڵك دروست بكات. وەزارەتی تەندروستی هەرێمی كوردستان دەیەوێت پاڵپشتیەكی یاسایی بۆ سیمی پرایڤد بدۆزێتەوە، ئەویش بە هەمواركردنەوەی یاسای وەزارەتی تەندروستی، لەبەشەكانی دیكەی ئەم راپۆرتەدا بە وردی باس لە دەقی هەموارەكە دەكرێت.

1- ئایا رێنماییەكانی سیستەمی سیمی پرایڤد وەك خۆی جێبەجێ دەكرێن؟

بەپێی رێنماییەكان دەبێت نەخۆشخانە حكومیەكان 100٪ ئەو توانایەی بۆ بەیانیان هەیانە بۆ پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری حكومی بێ بەرامبەر خستبێتیە گەڕ، ئەو كات نەخۆش ئاراستەی سیمی پرایڤد بكەن، وە نابێت پێش كاتژمێر دووی دوا نیوەڕۆ هیچ نەشتەرگەرییەكی سیمی پرایڤد لەنەخۆشخانە حكومییەكان بكرێت، بەڵام ئەم رێنماییە بە تەواوی لەلایەن نەخۆشخانە حكومییەكانەوە پێشێل كراوەو كار گەیشتوەتە ئەوەی بە دەگمەن نەشتەرگەرییەكی بێ بەرامبەر لەنەخۆشخانە حكومییەكان دەكرێت، مەگەر نەخۆشەكە برابێتە بەشی فریاكەوتن‌و بێهۆش

بێتوبارودۆخی لە مەترسیەکی تەواودا بێت، بەشێکی زۆرلەو نەخۆشخانەی لە سیمی پرایڤد نەشتگەرییان بۆ دەکرێت لەپێش کاتژمێر 12ی نیوەرۆ بۆیان دەکرێت، نەشتەرگەریی هەیە لە کاتژمێر 10 بۆ 11ی پێش نیوەرۆ ئەنجام دەدرێت، ئەمەش پێشێل کردنی زەقی بڕیارەکەیەو پێچەوانەی یاسایە، گرفتێکی دیکەی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی بێ بەرامبەر لە نەخۆشخانە حکومیەکان دوری نۆرەی بەرکەوتنە، بەشێوەیەکی گشتی نۆرەی نەشتەرگەریی بێ بەرامبەر لە سێ مانگی بۆ سێ ساڵە، نەخۆش هەیە بۆ نەشتگەرییەك بێ بەرامبەر پێی وتراوە سێ ساڵی دیکە وەرەوە، نەخۆش هەبوە لە 2021 سەرەی بۆ نوسراوە بۆ 2024بەری دەکەوێت، بەڵام بە سیمی پرایڤد هەمان ڕۆژ یان بەهیچ جۆرێك لەیەك هەفتە تێپەڕ ناکات، لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتی ژمارە (3) دا تیمەکانی ئاران زانیاری ئەوەیان





دەست کەوت کە پزیشکی وا هەبوە وتویەتی من لەکاتژمێر 9 تا 2ی پاش نیوەرۆ تەنیا فریای ئەنجامدانی سێ نەشتەگەریی بێ بەرامبەر دەکەوم چونکە نەشتەرگەریی دەبێت بە وردی و لەسەرخۆ ئەنجام بدرێت، بەڵام هەمان پزیشك لەکاتژمێر2ی پاش نیوەرۆ تا 7ی شەو شەش نەشتگەری لەسیستەمی سیمی پرایڤد یان لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان ئەنجام دەدات، کە ماوەکە هەمان ماوەیە بەڵام نەشتەرگەرییەکان دوو هێندەن، لەم راپۆرتەشدا تیمەکانی ئاران بەدواداچوونیان بۆ ئەو پرسە کردەوەو دەرکەوت هێشتا بەردەوامە و چەندین پزیشك لە کەرتی گشتیدا بەو جۆرە کار دەکەن.

شارەزایانی کەرتی تەندروستی حکومی پێیان وایە ئەم سیاسەتەی حکومەتی هەرێم گرتویەتیە بەر بەناوی سیمی پرایڤد (نیمچە تایبەت) راهێنانی خەڵکە لەگەڵ ئەوەی کەرتی گشتی تەندروستی نەمێنێتو بەرەو کەرتی تایبەت خەڵك ئاراستە بکرێت، ئەمەش لەژێر کاریگەریی حیزبەکانی دەسەڵاتدا، چونکە کۆمپانیا هەرە گەورەکانی بواری دەرمانو تەندروستیو نەخۆشخانە ئەهلیەکان هی حیزبەکان یان بەرپرسە باڵاکانی حیزبەکانن، ئاراستە کردنەکەش ئاراستەکردنە بەرەو بازاری رەش نەك بیمەی تەندروستیو پابەند بوون بە رێنماییە تەندروستییەکانەوە.

مانگی ئازاری ساڵی 2022 بەرێوەبەری تەندروستی چەمچەماڵ کە ئەوکات دکتۆر فەرهاد محەمەد بوو ، وەك تەنیا ناوچەی هەرێمی کوردستان، بڕیاری ئەوەیدا سیمی پرایڤد بۆ نەشتەرگەری بە هەموو جۆرەکانیەوە لە نەخۆشخانەکانی چەمچەماڵ رابگیرێت، ئەمەش هەنگاوێکی ئەرێنی بوو، بە پێی بەدوادا چونەکانمان لە دوای ئەو بڕیارەوە ساڵانە نزیکەی (8,000) نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەکانی چەمچەماڵ بێ بەرامبەر دەکرێن.

سیمی پرایڤد جگە لەنەشتەرگەریی کاروباری دیکەی پزیشکی گرتۆتەوە، بۆنمونە تیشکی MRI و CT-Scan بەپێی رێنماییە تەندروستییەکان دەبێت بە نرخی (25,000)دینار بۆ هاووڵاتیان بگیرێت ئەو کاتەی پزیشك داوای دەکات، بەڵام بەو نرخە نۆرەی ئەنجامدانی ئەو تیشکە بەم جۆرەیە لە هەندێك لەو نەخۆشخانانەی لۆدیان کەم لەسەرە مانگێکی پێدەچێت، ئەوانەی لۆدیان مام ناوەندە سێ مانگو ئەوانەشی لۆدیان زۆر لەسەرە



لەشەش مانگ کەمتر نیە، گوێش بەوە نادرێت کە نەخۆش باری تەندروستی خراپە، بەڵام بە هەمان ئامێرو لەناو هەمان بینادا ئەگەر بێتو نەخۆش ئامادە بێت بە سیمی پرایڤد (نیمچە تایبەت) کە نرخی هەر تیشکێك (70,000) دینارە بیگرێت ئەوا هەمان رۆژ ئەو جۆرە تیشکەی بۆ دەگیرێت کە لەناو خەڵکدا بە ئەشیعەی تەنوری ناو دەبرێت.

ژمارەی ئەو تیشکانەی لەنەخۆشخانە حکومیەکان لەبواری MRI و Ct Scanساڵانە لە پارێزگای سلێمانی دەگیرێن (20,000) تیشك تێپەڕ دەکات، لە پارێزگای دهۆکیش ساڵانە ژمارەی ئەو تیشکانەی لە هەردوو بوارەکەدا دەگیرێن بریتی یە لە زیاتر لە (26,000) تیشك کە(19,979) تیشکی Ct Scan و ئەوەکانی دیکەش تیشیکی MRIین، بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست تیمەکانی رێکخراوی ئاران کەوتوون 61٪ تیشکە گیراوەکان لە هەردوو بوارەکەدا لە هەردوو پارێزگا لە ئێواران‌و بە نیمچەتایبەت دەگیرێن، کە نرخی هەر تیشکێك لەو دو بوارەدا (70,000) دینارە.

بەتایبەت کردنی کەرتی حکومی و ناچار کردنی خەڵك کە لە نەخۆشخانە حکومیەکان بە پارە نەشتەرگەریی ئەنجام بدەن، هەروەها ناچارکردنی خەڵك کە بەپارەیەکی زۆر لە کەرتی تایبەت‌و نەخۆشخانەی ئەهلی خزمەتگوزاری تەندروستی وەربگرن، هیچ بارگرانیەکی لەسەر شانی حکومەت سوك نەکردوە، حکومەت هەمان بودجەو موچەی ساڵانی رابردوو بۆ وەزارەتی تەندروستی تەرخان دەکات، بەم جۆرە:-

**تەنیا بۆ موچەی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت ئەم بەرە پارەیە دابین بکات:-**

- مانگانە بڕی (50,520,000,000) پەنجا ملیارو پێنجسەدو بیست ملیۆن دینار.
- ساڵانە (606,240,000,00) شەش سەدو شەش ملیارو دوسەدوچل ملیۆن دینار.

کۆی ئەو پارەیەی لە ساڵی 2011 وە بۆ کۆتایی 2023 تەنیا بۆ موچەی وەزارەتی تەندروستی تەرخان کراوە بریتی یە لە (7,881,120,000,000) حەوت تریلۆنوهەشتسەد و هەشتاو یەك ملیارو سەد و بیست ملیۆن دینار، کە یەکسانە بە زیاتر لە (6,000,000,000) شەش ملیار دۆلار، هەرچەندە بەهۆی پەسەند نەکردنی بودجەوە لەساڵی 2014 وە داتاکان وەك پێویست بەردەست نین بەڵام کۆی ئەو پارەیەی لە (13) ساڵی رابردوودا حکومەت هەرێم بۆ موچەو پێداویستیەکانی دیکەی وەزارەتی تەندروستی تەرخانی کردوە دە ملیار دۆلار تێپەر دەکات، بەڵام بێ بەرهەمەو بێ پلان بەکار هێنراوە، کۆتاییەکەی هەرەسی کەرتی گشتی بووەو خەڵکی لەگیرفانی خۆیان نەخۆشەکانیان چارەسەر دەکەن، کۆمپانیای حیزبیو کەسانی دەستڕۆیشتووی حیزبو خاوەن بەرژەوەندی هەرەسیان بە کەرتی گشتی تەندروستی هێناوەو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاریان هێناوە، کە سەرەرای ئەوەی هاووڵاتیانی کوردستان لە (13) ساڵی رابردوودا داهاتی ووڵاتەکەیان سەروی دە ملیار دۆلاری بۆ کەرتی تەندروستی خەرج کراوە، بەڵام هیچ هاووڵاتیەك حاڵی حازر ناتوانێت بە ئاسانی نەشتەرگەریەکی بێ بەرامبەری لە نەخۆشخانە حکومیەکان بۆ ئەنجام بدرێت، ئەگەر بێتو زۆر زەروریش بێت.

## 2- وەزارەتی تەندروستی نەشتەرگەرییەکانی سیمی پرایڤد کە بە پارە کراون دەکات بە چالاکی خۆی.

دامودەزگاکانی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان مانگانەو ساڵانە ئاماری ئەنجامدانی نەشتەرگەریی‌و خزمەتگوزاری تەندروستی لە وێبسایتەکانیان‌و دەزگاکانی راگەیاندن بڵاو دەکەنەوە، کە گوایە وەك خزمەتگوزاری تەندروستی بێ بەرامبەر پێشکەش بە هاووڵاتیان کراوە، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەو نەشتەرگەریانەو ئەو خزمەتگوزاریانە بە پارە لەناو نەخۆشخانە حکومیەکاندا کراون، بەڵام حکومەت وەك چالاکی خۆی‌و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بێ بەرامبەر نمایشیان دەکات.

بەپێی ئامارەکان ساڵانە لە هەرێمی کوردستان لە هەرچوار پارێزگاکەو هەر چوار ئیدارە سەربەخۆکە زیاتر لە (232,000) نەشتەرگەری بە هەموو جۆرەکانیەوە لە نەخۆشخانە حکومیەکان ئەنجام دەدرێن، بەشی هەرە زۆری ئەو نەشتەرگەریانە لە چورچێوەی سیستەمی نیمچە تایبەتدا ئەنجام دەدرێن، بە پێی بەدواداچونەکانمان 67٪ نەشتەرگەریەکان بە نیمچە تایبەت دەکرێن، بەڵام بەرێوەبەرایەتیەکانی تەندروستی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان کاتێك ئامار بڵاو دەکەنەوە وا نیشان دەدەن کە ئەو نەشتەرگەریانە بە بێ بەرامبەر ئەنجام دراون، لە کاتێکدا ساڵانە لە کۆی (232) هەزار نەشتەر گەریی (155,440) نەشتەرگەریی بە نیمچە تایبەت و لەبەرامبەر وەرگرتنی پارە بۆ هاووڵاتیان ئەنجام دەدرێن و ساڵانە تەنیا (76,560) نەشتەرگەریی بێ بەرامبەر بۆ هاوولاتیان ئەنجام دەدرێن.

**نرخی نەشتەرگەریی نیمچە تایبەت لە نەخۆشخانە حکومیەکان بەمجۆرەیە:-**

- نەشتەرگەری بچوك 100,000 تا 150,000 دینار
- نەشتەرگەریی ناوەند  300,000 تا 500,000 دینار
- نەشتەرگەریی گەورە لەسەروی یەك ملیۆن دینار
- نەشتەرگەریی تایبەت بەپێی جۆری نەشتەرگەریەکە دەگۆڕێت بەزۆری لەسەروی سێ ملیۆن دینارەوەیە.

نرخی بەشێك لەنەشتەرگەریەکان لەسیستەمی نیمچە تایبەتی حکومی لەنرخی بازار زیاترە، بۆ نمونە جۆرێك لە نەشتەرگەریی بڕبڕەی پشت لە نیمچە تایبەتی حکومی بە (1,500,000) دینار ئەنجام دەدرێت، لەنەخۆشخانەی ئەهلیش هەمان نرخە، جۆرێکی تر لە نەشتەرگەریی بڕبڕەی پشت لەنیمچە تایبەتی حکومی بە(3,000,000) دینار ئەنجام دەدرێ بەڵام لەنەخۆشخانە ئەهلیەکان لەخوار ئەو نرخەوەیە.

**دابەزینی ڕێژەی نەشتەرگەریی نیمچە تایبەت لە نەخۆشخانە حکومیەکان:-**

لە راپۆرتی ژمارە (3)ی ڕێکخراوی ئاران دەربارەی چاودێری رەوشی تەندروستی کەسەرەتای ساڵی 2022 بڵاوکرایەوە، لە ئەنجامی بەدواداچوونەکاندا دەرکەوت ڕێژەی ئەو نەشتەرگەریانەی سیمی پرایڤد کە لەکەرتی کشتیدا دەکرێن 70٪ کۆی نەشتەرگەریەکانە، بەڵام لەماوەی ئەم دووساڵەدا واتا لەنێوان هەردوو راپۆرتەکەدا و بەپێی نوێترین بەدواچوونی تیمەکانی ڕێکخراوی ئاران کە لەم راپۆرتەدا خراوەتە روو، دەرکەوت لە ئێستادا ڕێژەی نەشتەرگەری سیمی پرایڤد لەنێو کۆی نەشتەرگەرییەکانی کەرتی گشتیدا دابەزیوە بۆ 67٪ ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە سێ پۆینت دابەزیوە.

3- سەنتەرەکانی دڵ لە هەرێمی کوردستان:-

لە هەرێمی کوردستان سێ سەنتەری چارەسەری نەخۆشیەکانی دڵ هەیە، کە دەکەونە سەنتەری هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆکەوە، گرفتی سەرەکی خەڵك لەگەڵ ئەم سەنتەرانە ئەوەیە ئەو نەشتەرگەریانەی لەو سەنتەرانە دەکرێن لەبوارەکانی قەستەرەو دانانی باڵۆنو شەبەکەو کردنەوەی سینگ (فەتح سەدر) بەپارەنو لەو بوارەدا نەشتەرگەریی بێ بەرامبەر نەماوە.

لە هەر سەنتەرێك لەوانە ساڵانە (3,600) نەشتەرگەریی کردنەوەی سینگ دەکرێن، کە لەکۆی هەرێمی کوردستان دەکاتە (10,800) نەشتەری کردنەوەی سینگ لە ساڵێکدا، بۆ هەر نەشتەرگەریەك بەلای کەمەوە بڕی (3,000,000) ملیۆن دینار لە نەخۆش وەردەگیرێت کە ساڵانە دەکاتە (32,400,000,000) سی و دوو ملیار و چوارسەد ملیۆن دینار، هەروەها هەر سەنتەرێك لە سەنتەرەکان سالانە بەلای کەمەوە (5,500) کاری قەستەرەو دانانی باڵۆن و شەبەکە دەکەن کە لەهەر سێ سەنتەرەکە ساڵانە دەکاتە (16,500) کاری لەو جۆرە، بۆ هەر پرۆسەیەکی لەم جۆرە ئەو برە پارەیەی لە نەخۆش وەردەگیرێت لە نێوان (1,000,000) بۆ (2,000,000) دیناردایە، کە نرخی ناوەندی بۆ هەر نە پرۆسەیەك (1,200,000) دینارە، بەمەش ئەو پارەیەی لەم بوارەدا بەدەست دێت ساڵانە بریتی یە لە (19,800,000,000) نۆزدە ملیار و هەشت سەد ملیۆن دینار.

ئەو پارەیەی لە هاووڵاتیان وەردەگیرێت لە سیستەمی نیمچە تایبەت کە لەناو تەندروستیدا بە سیمی پرایڤد ناسراوە، 20٪ بۆ کارمەندانی

تەندروستیە ئەوانەی بەشداریی لە نەشتەرگەریەکەدا دەکەن 40٪ بۆ پزیشکی ئەنجامدەری نەشتەرگەرییە، 40٪ بۆ وەزارەتی تەندروستیە، ئەمەش ئەوە دوپات دەکاتەوە ئەو کارمەندو پزیشکانەی موچەی حکومەت لەبەرامبەر خزمەتکردنی خەڵك وەردەگرن لە هەمان کاتو هەمان شوێنو بە هەمان ئامێرو پێداویستی بە پارە رێگەیان پێدراوە کاری نیمچە تایبەت ئەنجام بدەن، کە ئەمەش پێچەوانەی ناوەرۆکی یاسای کارگێڕی عێراقە کە لە وەسفی فەرمانبەری دەوڵەتداو لەریزی ئەو کارانەی کە نابێت فەرمانبەر لەسنوری فەرمانگەکەی خۆیدا بیکات ئەوەیە  نابێت بە ئەنجامدانی هەندێك کاری بازرگانی هەڵبسێت کە پەیوەندی بەفەرمانگەکەی خۆیەوە هەبێت. بۆ پەردە پۆشکردنی سیمس پراڤد هەندێك لە دامودەزگاکانی وەزارەتی تەندروستی ناوێکی نوێیان داهێناوە، کە پێی دەڵێن خۆ بژێوی، مەبەست لە خۆ بژێوی ئەوەیە ئەو پارەیەی لەبەرامبەر خزمەتگوزاریە نیمچە تایبەتەکان وەردەگرێت بۆ بەرێوەبردنی نەخۆشخانەکانە، لەکاتێکدا 60٪ پارەکە بۆ پزیشك و کارمەندانی تەندروستیە کە هاوکات لەبەرامبەر ئەو دەوامەی دەیکەن موچە لە حکومەت وەردەگرن.

4- بە نیمچە تایبەت کردنی یەکەی چاودێری چڕ:-

سلێمانی دەبێتە یەکەم پارێزگای هەرێمی کوردستان و عێراق کە یەکەی چاودێری چڕ لە یەکێك لە نەخۆشخانەکان دەکاتە پارە بەشێوەی نیمچە تایبەت،  ساڵی 2020 و لە چوارچێوەی یارمەتیەکانی وڵاتی ئەڵمانیا بۆ هەرێمی کوردستان، بە بڕی (4,500,000) یۆرۆ نەخۆشخانەیەك لە شاری سلێمانی دروستکرا، ئەم نەخۆشخانەیە بە نەخۆشخانەی ئەڵمانی

ناسراوە، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بەنیازە یەکەی چاودێری چڕ لەو نەخۆشخانەیە بکات بە نیمچە تایبەت، کە (40) بێدی چاودێری چڕ لە خۆ دەگرێت و سەرجەم بێدەکان ئامادەکراون، بۆ ئەو مەبەستە رەزامەندی وەزارەتەکانی تەندروستی و دارایی وەرگیراوەو تا رادەیەکیش ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانیش رازی بوە.

دەکرێت چەند خاڵێکی ئەرێنی و نەرێنی  لەم هەوڵەی تەندروستی سلێمانیدا ببینرێن لەوانە:-

**خاڵە ئەرێنیەکانی ئەم هەوڵە:-**

- نرخی یەك (24) کاتژمێر مانەوە بەپێی ئەو سیستەمە بریتیە لە (150,000) دینار، ئەمە لەکاتێکدا لە نەخۆشخانە تایبەتەکان برتی یە لە چەندین ملیۆن دینار.
- زیادبوونی ژمارەی بێدەکانی چاودێری چڕ لە سلێمانی بۆ (65) ی حکومی لە کاتێکدا لە ئێستادا تەنیا (25) بێدە بۆ هەموو پارێزگاکە بە پارێزگای هەڵەبجەو ئیدارەکانی راپەرین و گەرمیانیشەوە.

**خاڵە نەرێنیەکان:-**

- ئەم نەخۆشخانەیە بە یارمەتی وڵاتێکی بێگانە و لە پێناو یارمەتیدانی خەڵکدا دروستکراوە، ئێستا کە خزمەتگوزاریەکانی دەکرێت بە پارە، بۆ ناوبانگی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی تەندروستی و تەندروستی سلێمانی باش نیە.
- خەڵك ئومێدێکی زۆری بەم نەخۆشخانەیە هەبوو، کە بتوانێت جیاواز لە نەخۆشخانەکانی تر یان بەلای کەمەوە هاوشێوەی ئەوان

خزمەتگوزاری بێ بەرامبەر پێشکەش بکات، بەڵام خەریکە ئەو ئومێدە نامێنێت.

- بە نیمچە تایبەت کردنی خزمەتگوزاریەکانی ئەو نەخۆشخانەیە هیچ پاڵپشتیەکی یاسایی نیە و دژی بنەماکانی دەستوری عێراقە.

5- کێ سودمەندی داهێنانی سیستەمی سیمی پاریڤد (نیمچە تایبەتە)؟

وەزارەتی تەندروستی تەنیا 40٪ داهاتی ئەو نەشتەرگەریانەی بەر دەکەوێت، 60٪ دەروات بۆپزیشك‌و کارمەندانی تەندروستی بەشدار لە نەشتەرگەریەکان و خزمەتگوزاریەکانی تر، ئەمەش دەری دەخات حکومەت وەك پێویست لێی سودمەند نابێت، لەمیانی هەموو ئەو رێشوێنانەی بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە گیرانە بەر لێکۆڵینەوە لە هۆکاری ئەوە کراوە کە وەزارەتی تەندروستی ئەم سیستەمە پەیرە و دەکات بێ ئەوەی وەك پێویست لێیی سودمەند بێت‌و بارگرانیشی خستۆتە سەر هاووڵاتی، ئایا دەبێت هۆکارەکەی چی بێت؟ ئەنجامەکان ئەوەن کە حیزبە دەست رۆشتوەکان‌و کەسانی دەستڕۆیشتوی ناو حیزب کاریگەریی تەواویان لەسەر وەزارەتی تەندروستی هەیەو هەر ئەو جۆرە کەس‌ولایەنانە بەپلان کار بۆ نەهێشتنی کەرتی گشتی تەندروستی دەکەن‌و لەبەرژەوەندی کۆمپانیاو نەخۆشخانە ئەهلی‌و کۆمەڵگا پزیشکیەکانیان، کەرتی گشتی بەرەو هەرەس یان هاوشێوەکردنی بە کەرتی تایبەت دەبەن، داهێنانی سیمی پرایڤد (نیمچە تایبەت) بەشی هەرە سەرەکی ئەو پیلانەیەو نەبوونی دەرمان لە نەخۆشخانەکان‌و

ناچارکردنی خەڵك بە کرینی دەرمان لەبازار تەواوکەری بەشەکانی دیکەی پیلانەکەیە.

## تەوەری سێیەم / کلینکە پزیشکیە ئێوارانەکان:...........................

بەهۆی نائومێدبوونیان لە کەرتی گشتیو دەستنکەوتنی خزمەتگوزاری پێویست لەو کەرتەدا خەڵك ناچارن رو لەبازارو لەونێوەندەشدا رو لە کلینکە پزیشکیە ئێوارەکان(عیادەکان) بکەن، کۆی ژمارەی کلینە پزیشکییە ئێوارەنەکان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا جگە لە کلینەکانی ددان تا کۆتایی ساڵی 2023 بریتی یە لە (3,160) کلینك، لە کاتێکدا تا کۆتایی ساڵی 2021 بریتی بوو (3,37) کلینیك بەم پێیەش لەماوەی هەردوو ساڵی 20222 و 2023دا لە هەرێمی کوردستان (123) کلینکی نوێی پزیشکی کراونەتەوە، هەروەها کۆی کلینکە پزیشکیەکانی تایبەت بە ددان لە هەرێمی کوردستان تا کۆتایی ساڵی 2023 بریتییە لە (2,669) کلینکی ددان. بەپێی بەدوادا چوونەکانی تیمەکانمان ژمارەی ئەو نەخۆشانەی رۆژانە سەردانی سەردانی کلینەکەکانی ئێواران دەکەن تا کۆتایی ساڵی 2023 لەنێوان نۆ نەخۆش بۆ (90) نەخۆشن بۆ هەر کلینکێك، بەشی هەرە زۆری کلینەکەکان ژمارەی نەخۆشەکانیان لەنێوان (15 بۆ 45) نەخۆشدایە، لەکاتێدا لە راپۆرتی ژمارە (3) دا تێکرای ژمارەی سەردانی نەخۆش بۆ کلینکە ئێوارەکان تا کۆتایی ساڵی 2021 بریتی بوو لەنێوان (60-9)

نەخۆش بوو، هەروەها (15) نەخۆش وەك ژمارەی تێکرا بۆ کلینیکە ئێوارەنەکان دیاری کرابوو، بەم پێ یە رۆژانە (45.555) کەس وەك نەخۆش سەردانی کلینکە ئێوارانەکانیان تا کۆتایی ساڵی 2021 دەکرد، کە ئەم ژمارەیە سەردانی کەرانی کلینکەکانی ددانی ناگرتەوە، لەماوەی نێوان هەردوو راپۆرتەکەدا واتا لە دوو ساڵدا ژمارەی ئەو نەخۆشانەی رۆژانە سەردانی کلینکەکان دەکەن زیادی کردوە، لە راپۆرتی ژمارە (3) دا تێکرای رۆژانەی سەردانی نەخۆش بۆکلینکەکان بریتی بوو لە (15) نەخۆش، بەڵام لەم راپۆرتەدا بە (19) نەخۆش دیاری کراوە ئەمەش نیشانی دەدات رێژەی سەردانیکردنی نەخۆش بۆ کلینکەکانی پزیشکان رۆژانە نزیکەی 20٪ زیادی کردوە.

لە ساڵانی 2022 و 2023 دا رۆژانە زیاتر لە (60,000) نەخۆش لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا سەردانی کلینکە پزیشکیەکانیان کردوە، لەکاتێکدا تا کۆتایی ساڵی 2021 رۆژانە نزیکەی (45,000) کەس سەردانی ئەو کلینکانەیان کردوە. ئەم ژمارەیە کلینکەکانی ددان ناگرێتەوەو ئەم راپۆرتە کاری لەسەر ژمارەی سەردانی کەرانی ئەو جۆرە کلینکەی نەکردوە.

**نرخی بینینی نەخۆش لەلایەن کلینکە ئێوارەنەکانەوە:-** بەپێی بە دواداچونەکانمان بەشی هەر زۆریان (15,000) دینارە، بەشێك لە کلینکەکان (20,000) دینار و هەندێکیش بەتایبەت ئەوانەی لەناو نەخۆشخانە ئەهلیەکان کار دەکەن‌وبەسەربەخۆ نەخۆش دەبینن (35,000) دینارە، ئەمە جگە لەوەی بەشێك لە کلینەکان کە لە کۆمەڵگا پزیشکیەکاندان(3000) دینار وەردەگرن‌و کلینکی واش هەیە (5000) دینار تا (10,000) دینار وەردەگرێت ، بەڵام بەشی هەر زۆر لەنێوان

(15,000 بۆ 20,000) دیناره، ئەم راپۆرتە نرخی (15,000) دیناری وەك نرخی تێكڕا وەرگرتوە، بەم پێی یە ئەو پارەیەی رۆژانەو هەفتانەو مانگانەو ساڵانە لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستانەوە دەدرێت بە كرێی بینینی نەخۆش لەلایەن پزیشكەكانەوە لە كلینكە ئێوارانەكان بەم جۆرەیە:-

**لەساڵی 2021 دا ئەو پارەی رۆژانە لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەدرا بە كلینكە پزیشكیەكان بەمجۆرە بوو.**

- رۆژانە (683,325,000) شەش سەدو هەشتاو سێ ملیۆنو سێ سەدو بیستو پێنج هەزار دینار.
- پێنج رۆژی هەفتەیەك (3,416,625,000) سێ ملیاروچوار سەدوشازدە ملیۆنوشەش سەدوبیستوپێنج هەزار دینار.
- بیست رۆژی مانگێك (13,666,500,000) سیازدە ملیارو شەشسەد شەست و شەش ملیۆنوپێنجسەد هەزاردینار.
- لە ساڵێكدا (163,998,000,000) سەدوشەست و سێ ملیارو نۆسەدو نەوەد و هەشت ملیۆن دینار.

لە هەردوو ساڵی 2022 و 2023 دا ئەو پارەی رۆژانەو هەفتانەو مانگانەو ساڵانە لەلایەن هاوڵاتیانەوە دەدرێت بە كلینكە پزیشكیەكان ئەم جۆرەیە:-

- رۆژانە (900,600,000) نۆسەد ملیۆن و شەشسەد هەزار دینار.

- پێنج ڕۆژ له هەفتەیەکدا (4,503,000,000) چوار ملیار و پێنجسەدوسێ ملیۆن دینار.
- بیست ڕۆژ له مانگێکدا (18,012,000,000) هەژدە ملیار و دوازدە ملیۆن دینار.
- ساڵانە (216,144,000,000) دوو سەد و شازدە ملیار و سەدوچلوچوار ملیۆن دینار.

ئەم بەراوردەش دەری دەخات ئەو پارەیەی ساڵانە هاووڵاتیان دەیدەن بە چارەسەر لە کلینکە پزیشکیەکان بە ڕێژەیەکی زۆر زیادی کردوە، کە ئەو پارەی لە ساڵانی 2022 و 2023 دراوە بە چارەسەر لەو کلینکانە (52,146,000,000) پەنجاو دووملیار و سەد و چل و شەش ملیۆن دیناری زیاترە لە ساڵی 2021.

**تێچووی یەك نەخۆش لە ساڵی 2021 دا و بە پێی ڕاپۆرتی ژمارە (3) ڕۆژانەو هەفتانەو مانگانەو ساڵانە بەمجۆرەبوە:-**

هەر بەپێی بەدواداچوونی تیمەکانمان هەر نەخۆشێك کە لەساڵی 2021دا سەردانی پزیشکی ئێوارانی کردوە جگە لە پارەی بینینی پزیشك بڕی ئەو پارەیەی بۆ پشکنینوکرینی دەرمان دەیدات لەنێوان (15,000 دینار بۆ 75,000) دیناردایە بەشی هەر زۆری نەخۆش ئەو پارەیەی دەیدات لەنێوان (20,000 بۆ 40,000) دیناردایە، ئەمە جگە لە حاڵەتە تایبەتەکان کە تێچونێکی بەرزی هەیە، ڕاپۆرتەکە نرخی (25,000) دیناری وەك نرخی تێکڕا بۆ تیچوونی هەر نەخۆشێك بەدەر لە کرێی بینینی نەخۆش داناوە، کە ئەمە وەرگرتنی لانی کەمی تێچوونە، بەم پێیە ئەو پارەیەی لەهەرێمی کوردستاندا لە ساڵی 2021خەڵك داوێتی بە پێداویستیەکانیان کاتێك

سەردانی عیادە پزیشکیەکان دەکەن جگە لە کرێی بینینی پزیشك رۆژانەو هەفتانەو مانگانەو سالآنە بەمجۆرەبوە:-

- رۆژانە (1,138,875,000) یەکملیارو سەدوسیو هەشت ملیۆنو هەشت سەدو حەفتاو پێنج هەزار دینار .
- پێینج رۆژی هەفتەیەك (5,694,375,000) پێنج ملیارو شەش سەدونەوەدو چوار ملیۆنو سێ سەدو حەفتاوپێنج هەزاردینار.
- بیست رۆژی مانگێك (22,777,500,000) بیست و دوو ملیارحەتسەد حەفتاو حەوت ملینۆن و پێنجسەد هەزار دینار.
- سالێك (273,330,000,000) دوو سەد حەفتاوسێ ملیار و سێسەدوسی ملیۆن دینار.

کۆی ئەو پارەیەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە سالێکدا بەهۆی سەردانیی کردنی عیادە پزیشکییەکان دەیدەن بە کرێی بینینی نەخۆشوتێچووی نەخۆشەکانیان بریتی بوە لە (437,328,000,000) چوارسەدوسیوحەوت ملیارو سێسەدبیستوهەشت ملیۆن دینار.

**کۆی ئەو پارەیەی لە سالی 2023دا هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان داویانە بە پێداویستیەکانی سەردانیی کردنی عیادە ئێوارەکان بەدەر لە پارەی بینینی پزیشك:-**

ئەم راپۆرتەش بڕی (25,000) دیناری وەك نرخی ناوەند دیاری کردوە بۆ تیچوی پێداویستیەکانی دیکەی سەردانی پزیشك، کە ئەوە لانی کەمی تێچونە.

- رۆژانە (1,500,000,000) یەك ملیار و پێنجسەد ملیۆن دینار.
- پێنج رۆژ لە هەفتەیەكدا (7,500,000,000) حەوت ملیار و پێنجسەد ملیۆن دینار.
- بیست رۆژ لە مانگێكدا (30,000,000,000) ملیار دینار.
- ساڵانە (360, 000,000,000) سێسەد و شەست ملیار دینار

**جیاوازی نێوان ساڵی 2021 و هەردوو ساڵی 2022 و 2023:-**

جیاوازی بڕی ئەو پارەیەی کە لە ساڵانە لە هەردوو ساڵێی 2021 و 2022 لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە دراوە بەپێداویستی سەردانی عیادەکان بەدەر لە کرێی بینین پزیشك (86,670,000,000) هەشتاو شەش ملیار و شەشسەد و حەفتا ملیۆن دینارە.

لەسەرەتای ساڵی 2022 تا کۆتایی ساڵی 2023 هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ساڵانە بڕی (576,144,000,000) پێنجسەدوحەفتاوشەش ملیارو سەدوچلوچوار ملیۆن دیناریان داوە بە کرێی بینینی پزیشك و پێداویستیەکاین تر وەك تاقیگەوجۆرەکانی دیکەی پشکنین، هەممان بڕی پارە لە ساڵی 2021 بریتی بوە لە (437,328,000,000 چوارسەدوسیوحەوت ملیارو سێسەدبیستوهەشت ملیۆن دینار، ئەمەش نیشانی دەدات لە ساڵانی 2022 و 2023دا بڕی ئەو پارەیەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان داویانە بە تێچوی چارەسەر بە کرێی بینینی پزیشك و پشکنینی تاقیگە و کڕینی دەرمان ساڵانە (138,816,000,000) ملیۆن دینار زیادی کردوە.

**تەوەری چوارەم/ نەخۆشخانە تایبەتەکان ( ئەهلیەکان):...................**

لە دوای کلینکە ئێوارەکان نەخۆشخانە ئەهلیەکان وێستگەی دوەمی نەخۆشن لە هەرێمی کوردستاندا، هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە لێشاو روو لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان دەکەن بۆ چارەسەر کردن، بۆ دیاریکردنی ژمارەی نەخۆشخانە ئەهلیەکانی هەرێمی کوردستان، ژمارەیجیاوازهیە، لەداتاکانیحوکەتدا (62) نەخۆشخانەدەرەکەون، بەڵام لە واقیعدا (79) نەخۆشخانەی ئەهلی لە هەڕمی کوردستان بونیان، (31) نەخۆشخانەیان بە تەنیا لە شاری هەولێرە، ئەوەش دەکاتە 39٪ کۆی نەخۆشخانە ئەهلیەکان کە دەکەونە شاری هەولێرەوە، ئەم ژمارەیە لە گۆڕاندایە بەهۆی ئەوەی بەردەوام ساڵانە نەخۆشخانەی نوێ دەکرێتەوەو هەندێك نەخۆشخانەش دادەخرێن، بەهۆی لاوازی کەرتی گشتیو پێشکەش نەکردنی خزمەتگوزاری پێویست بە هاووڵاتیان, نەخۆشخانە ئەهلیەکان جمەیان دێ لە خەڵك، بەشی زۆری ئەوانەی سەردانی نەخۆشخانە ئەهلیەکان دەکەن زیاتر بۆ نەشتەرگەرییە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی نەشتەرگەریی لە نەخۆشخانە حکومیەکان بەبێ بەرامبەر بە ئاسانی بۆ هاووڵاتی ناکرێتو دەبێت بە نیمچە تایبەت بیکەن، نرخی نیمچە تایبەتیش نزیکە لە نرخی نەخۆشخانە ئەهلیەکانەوە، بۆیە هاووڵاتی وای پێ باشە بچێتە نەخۆشخانەی ئەهلی چونکە ئەو پارە هەردەدات، پێی باشترە بیدات بە نەخۆشخانەی ئەهلی بۆ ئەوەی رێزی زیاتریان لێ بگیرێتو خزمەتی زیاتر بکرێن.

## 1-توانای نەخۆشخانە تایبەتەکان لە گرتنەخۆی نەخۆش:-

سەرجەم نەخۆشخانە ئەهلیەکان لە هەرێمی کوردستان (2،968) بێدی مانەوەی نەخۆشیان هەیە، کە لەو ژمارەیە (600) بێد بۆ بەشی چاودێری چڕەو ئەوەکانی دیکە بێدی مانەوەی ئاساین.

له راپۆرتی ژماره (3) دا كه ئاماژەی به ئامارەكانی كاری نەخۆشخانه ئەهلیەكان تا كۆتایی ساڵی 2021 دەكرد، تێكڕای ژمارەی ئەنجامدانی نەشتگەری بۆ هەر نەخۆشخانەیەكی ئەهلی له هەرێم پێنج نەشتەرگەری دیاری كرابوو، بەپێی راپۆرتەكەدا لەو كاتەدا نەخۆشخانەی وا هەیە رۆژانه (10) نەشتگەر ئەنجام ئەدات، كەمترین ژمارەی ئەنجامدانی نەشتگەرگەریی له رۆژێكدا بۆ نەخۆشخانه ئەهلیەكان چوار نەشتەر گەریی بوه، ئەم راپۆرتەكه پێنج نەشتەرگەریی وەك ژمارەی تێكرا وەرگرتوه، تیمی ئامادەكاری رێكخراوی ئاران لەماوەی ده مانگی ساڵی 2023دا جارێكی تر بەدواداچوونی كردەوه بۆ ژمارەی ئەنجامدانی نەشتەرگەری له نەخۆشخانه ئەهلیەكان، دەركەوت ئامارەكه گۆڕانی ئەو تۆی بەسەردا نەهاتوه، بۆیه ئەم راپۆرتەشه پێنج نەشتگەری رۆژانەی وەك تێكڕا وەرگرتوه كه نەخۆشخانه ئەهلیەكان له هەرێمی كوردستان ئەنجامی دەدەن.

نرخی نەشتەرگەری گەوره له(450,000) دینارەوه دەست پێدەكات تا شەش ملیۆن دیناری دەڕوات، نەشتەرگەری تایبەتو هەستیار هەیه نرخەكەی لەسەروی (30,000) دۆلارەوەیه، تیمی رێكخراوی ئاران له راپۆرتی ژماره (3) و لەم راپۆرتەشدا (راپۆرتی ژماره 4) تەنیا ئەو نەشتەرگەریانەی وەرگرتوه كه ئەكرێت له نەخۆشخانه حكومیەكان ئەنجامبدرێن، بەڵام لەبەر باش نەبوونی كەرتی گشتی هاووڵاتی ناچاره له كەرتی تایبەت ئەنجامیان بدات.

رۆژانه لەسەرجەم نەخۆشخانه ئەهلیەكانی هەرێمی كوردستان (395) نەشتەرگەری جۆراو جۆر ئەنجام دەدرێن، ئەم راپۆرته نرخی تێكڕای بۆ هەر نەشتەرگەریەك به (500,000) هەزار دینار داناوه، كه ئەمه

**کەمترینە، ئەو پارەیە لەهەرێمی کوردستان دەدرێت بەکرێی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان بەمجۆرەیە:-**

- **رۆژانە (197,500.00) سەدو نەوەدو حەوت ملیۆن‌و پێنجسەد هەزار دینار.**
- **شەش رۆژی هەفتە (1,185,000,000) یەك ملیارو سەدو هەشتاو پێنج ملیۆن دینار.**
- **(24) رۆژی مانگێك (4,740,000,000) چوار ملیارو حەوت سەدو چل ملیۆن دینار.**
- **سالآنە:- (56,880,000,000) پەنجاو شەش ملیاو هەشت سەدو هەشتا ملیۆن دینار.**

## مانەوە لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان:-

**مانەوە لە بێدە ئاساییەکانی نەخۆشخانە ئەهلیەکان:-**

**ژمارەی بێدە ئاساییەکانی مانەوە لە نەخۆشخانە ئەهلیەکانی هەرێمی کوردستان برتی یە لە (2،364) بێد، بەپێی بەدواداچونەکانی تیمی رێکخراوی ئاران بەشێوەیەکی بەردەوام 60٪ بێدە ئاساییەکانی نەخۆشخانە ئەهلیەکانی بۆ نەخۆش گیراون، ئەمەش دەکاتە (1،418) بێد، نرخی مانەوەی یەك (24) کاتژمێری لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان بۆ بێدی ئاسایی، لە (50،000) دینارەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە (700،000) دینار، بەشی هەرە زۆری نەخۆشخانە ئەهلیەکان نرخی یەك (24) کاتژمێری مانەوەیان لە نێوان (75،000) بۆ (150،000) دیناردایە، زۆربەیان بۆ مانەوەی یەك (24) کاتژمێری بڕی (10,000) وەردەگرن،بۆیە ئەم راپۆرتە نرخی (100،000) دیناری وەك نرخی ناوەند بۆ مانەوە لە بێدە**

ئاساییەکانی نەخۆشخانە ئەهلیەکان دیاری کردوە، بەم پێیەش ئەو پارەیەی لەلایەن خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە دەدرێت بە کرێی مانەوە لە بێدە ئاساییەکانی نەخۆشخانە ئەهلیەکان بەمجۆرەیە:-

ڕۆژانە: (141،800،00) سەدوچلویەك ملیۆن دینارو هەشتسەد هەزار دینار.

شەش ڕۆژلە هەفتەیەکدا (850،800،000) هەشتسەدو پەنجا ملیۆن و هەشتسەد هەزار دینار.

بیست وچوار ڕۆ ژلە مانگێکدا: (3،403،200،000) سێ ملیاروچوارسەدو سێ ملیۆن و دوو سەد هەزار دنیار.

ساڵانە: (400،000،40،838) چل ملیار و هەشتسەدوهەشتاو سێ ملیۆن و دووسەد هەزار دینار.

## مانەوە لەبەشی چاودێریی چڕ لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان:-

**بەشی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان :-**

لەبەر کەمیی ئەم خزمەتگوزارییە لە کەرتی گشتیدا، برەوێکی زۆری لە کەرتی تایبەتدا پێدراوە، ژمارەی بێدەکانی بەشی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان (600) بێد تێئەپەڕێنێ، بەمەش هەر (12,000) کەسێك لە هەرێمی کوردستان بێدێکی چاودێری چڕی لە کەرتی تایبەتدا بەر دەکەوێت. شاری هەولێر بە تەنیا زیاتر لە (250) بێدی چاودێری چڕی کەرتی تایبەتی تێدایە، نەخۆشخانەی تایبەتی وا هەیە لە هەولێر بە تەنیا (40) بێدی چاودێری چڕی تێدایە.

زۆری ژمارەی بێدی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان نەبۆتە مایەی خۆشحاڵی و ئاسودەیی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بەهۆی زۆری

**تێچووی مانەوەی نەخۆش، بەپێی داتا بەدەستهاتووەکان، نرخی هەر (24) کاتژمێرێك مانەوە لە بەشی چاودێری چڕی نەخۆشخانە تایبەتەکان، لە (550,000) هەزار دنیارەوە دەست پێدەکات و تا (10,000,000) ملیۆن دینار دەڕوات، ئەمەش نرخێکە زۆر دورە لە توانای دارایی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان. لە بەدواداچوونەکانی تیمەکانی رێکخراوی ئاراندا دەرکەوت بەشێوەیەکی بەرد ەوام بێدەکانی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان زیاتر لە 50٪ یان نەخۆشیان لەسەرە واتا (300) بێد بەردەوام گیراون، 70٪ ئەو نەخۆشخانەی لەسەر ئەو بێدانەن لەو جۆرە نەخۆشانەن کە نرخی مانەوەی (24) یان لەو بەشانە زیاترە لە یەك ملیۆن دینار، هەروەها تیمەکانمان (18) حاڵەتیان تۆمار کرد کە بۆ مانەوەی یەك (24) کاتژمێریی نرخی مانەوەیان (6,000,000) دیناربووەو بەشێوەی گشتی تێکڕای نرخی ناوەندی بۆ نەخۆشێك لە بەشی چاودێری چڕی نەخۆشخانە تایبەتەکان بە (2,500,000) دینار دەخەمڵێندرێ و دەستکەوتی نەخۆشخانە تایبەتەکان لە پارەی بێدی چاودێری چڕ بەمجۆرەیە:-**

**رۆژانە: (750,000,000) حەوت ملیاو شەشسەدوپەنجا ملیۆن دینار.**

**هەفتانە: (5,250,000,000) پێنج ملیار دووسەدو پەنجا ملیۆن دینار.**

**مانگانە: (22,500,000,000) بیست و دوو ملیاروپێنجسەد ملیۆن دینار.**

**ساڵانە: (270,000,000,000) دووسەدوو حەفتا ملیار دینار.**

## 2- چاودێری حکومەت لەسەر نەخۆشخانە تایبەتەکان:

**حکومەت هەوڵی داوە بەچەند رێگایەت چاودێری نەخۆشخانە تایبەتەکان بکات، بۆ ئەوەی ئاگاداری نرخ و قازانجەکانیان بێت، بۆ ئەو مەبەستە هاوینی 2021 وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان بریاری ژمارە (10)ی دەرکرد،**

به پێی ئەم بریارە پسولەیەکی یەکگرتوو لەسەرجەم نەخۆشخانە تایبەتەکان کاری پێدەکرێت، ئەم پسپولەی وەزارەتی دارایی چاپی دەکات و نەخۆشخانە تایبەتەکان لەکاتی وەرگرتنی پارە لە نەخۆش بەکاری دەهێنن و دواتر کۆپیەکی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، بەپێی ئەم بریارە وەزارەتی دارایی 5٪ باجی سەپاند بەسەر نەخۆشخانە تایبەتەکاندا بەجۆرێك تەنیا لە قازانج بێتوکاریگەری نەخاتە سەر نرخ. هاوکات بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، هەوڵی ئەوەیان داوە فشار بخەنە سەر نەخۆشخانە تایبەتەکان بۆ ئەوەی نرخی خزمەتگوزاریەکانیان لە بەشی چاودێری چڕ دابەزێنن، بەرێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر بە نوسراوی ژمارە(5496) لە رۆژی 2020/02/10 داوای کردوە نەخۆشخانە تایبەتەکانی سنوری پارێزگاکە پابەند بن بە دابەزاندنی نرخی خزمەتگوزارییەکانی بەشی چاودێری چڕ بە رێژەی 40٪.

بەپیێ بەدواداچوونەکانی تیمەکانی رێکخراوی ئاران نەخۆشخانە تایبەتەکان نەك پابەندی دابەزاندنی نرخ نەبوون بەڵكو هەوڵیان داوە خۆشیان لە باج بدزنەوە، تیمەکانمان زانیاری ئەوەیان دەستکەوتەوە، چەندین نەخۆشخانەی تایبەت لە سلێمانی و خەولێر کە لەناویاندا نەخۆشخانە هەرە تایبتە بەناوبانگەکان هەیە، لە کایت پێشکەش کردنی راپۆرتیی دارایی ساڵانە و راستاندنی راپۆرتەکە لە سەندیکای ژمێریاران، ئاماژەیان بەوە کردوە کە نەخۆشخانەکانیان لە زیاندایە و قازانجیان نەکردوە، ئەمەش پێچەوانەی داتا بەدەست هاتوەکانە، ئەم بانگەشەیەی نەخۆشخانە ئەهلیەکان زیاتر بۆ خۆ دزینەوەیە لە باج و رێگری کردنە لە دەرکەوتنی برِی راستەقینەی قازانجوداهاتەکانیان، چەندین ساڵ لەسەر یەکە ئەم هەوڵی خۆ دزینەوەیەی نەخۆشخانە تایبەتەکان لە باج چوەتە سەر بۆیان، ئەمەش لەبەر ئەوەی

سەرجەمیان بەرپرسی باڵاو دەستڕۆیشتوی حیزبیوحکومیان لە پشتەوەیەو بەشێکیشیان خاوەنداریێتیان بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە لەپۆستی باڵایان لە ناو وەزارەتی تەندروستیدا هەیە.

## 1-گرفتی بینای نەخۆشخانە تایبەتەکان:-

لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا تەنیا حەوت نەخۆشخانەی ئەهلی بیناکانیان لەسەرەتاوە بۆ نەخۆشخانە دروستکراون، سێ نەخۆشخانە لە سلێمانیو سێ نەخۆشخانە لە هەولێرو یەك نەخۆشخانە لە دهۆك، بەشێوەیەکی گشتی نەخۆشخانە ئەهلیەکانی دیکە بیناکانیان وەك تەلاری بازرگانی دروستکراون، کەمترین مەرجی نەخۆشخانەیان تێدا هەیە، بەشێکیان نزیکی شوێنی نیشتەجێبوونو لەناو گەڕەکەکاندان، ئەوەش وای کردوە ببنە هۆی بێزارکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە، بەتایبەت لە روی راگرتنی ئۆتۆمبێلەوە کە زۆربەیان پارکی تایبەت بە راگرتنی ئۆتۆمبێلیان نیە.

## 2-ئاوەرۆی نەخۆشخانە تایبەتەکان:-

لە هەرێمی کوردستاندا تەنیا یەك نەخۆشخانەی ئەهلی سیستەمی ئاوەرۆکەی بەپیی ستانداردی رێکخراوی تەندروستی جیهانیە، ئەویش لە پارێزگای سلێمانی یە، کە چاڵی کۆکردنەوەی ئاوەرۆی تایبەت بە خۆی هەیە و لە کاتی پڕبووندا لەرێگای تانکەرەوە بەتاڵ دەکرێت و لە ناوچەی تەرخان کراو رۆدەکرێت، ئاوەرۆی بینای نەخۆشخانە ئەهلیەکانی دیکە هەر وەك بینای ئاسایی دروست کراونو تێکەڵ بە ئاوەرۆی گشتی شار دەبێت، ئەمەش زۆر مەترسیدارە، بەڵام سەرجەم نەخۆشخانە ئەهلیەکانو بگرە نەخۆشخانە

حکومیەکانیش ئەو مەرجەیان تیا نیە، پسپۆرانی تەندروستی لەمیانی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا باسیان لەمەترسی ئاوەرۆی نەخۆشخانەکان کرد کاتێك تێکەڵ بە ئاوەرۆی گشتی شار دەبێت، ئاوەرۆی گشتی شار زۆرجار دوبارە بەکار دەهێندرێتەوە، لە هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆری شارەکان ئاوەڕۆکەیان بۆ بواری کشتوکاڵو سەوزە بەکار دەهێندرێتەوە، بۆیە تێکەڵبوونی ئاوەرۆی نەخۆشخانە بە ئاوەرۆی گشتی زۆر مەترسیدارەو چەندەها زیانی تەندروستی بۆ مرۆڤ دە بێت، بەتایبەت وا لەلەشی مرۆڤ دەکات لەکاتی نەخۆش کەوتنووەرگرتنی چارەسەردا دەرمان لەسەر لەشی چالاك نەبێت، ئەم گرفتەش لە هەرێمی کوردستاندا زۆر بەدی دەکرێت، کە بەیەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی ساغبونەوەی برێکی یەکجار زۆر دەرمان هەژمار دەکرێت.

## 3-لەناو بردنی پاشەرۆ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان:-

بەپێی ستانداردی رێکخراوی تەندروستی جیهانی دەبێت نەخۆشخانەکان خاشاكو پاشەرۆ و پاشماوەی کارەکانیان بە شێوەیەکی زانستی لە سوتێنەری تایبەتدا لەناو ببەن، کە فلتەری تایبەتی هەبێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تەنیا سێ نەخۆشخانە سوتێنەری تایبەتی فلتەراریان هەیە، ئەوانیش دوانیان لە سلێمانی و یەك دانەیان لە هەولێرە، نەخۆشخانە ئەهلیەکانی دیکە، وەك خاشاکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ پاشماوە پزیشکیەکاندا دەکەن، ئەمەش مەترسیەکی گەورەیە، هەروەها زانیاری ئەوە هەیە کە ئەو سێ نەخۆشخانەیەش لە پێناو کەمکردنەوەی تێچوون، هەوڵی ئەوەیان داوە کار بە فلتەرەی سوتێنەرەکانیان نەکەن، ئەوەش لەبەر ئەوەی زوو زوو پێویستی بە گۆرین نەبێت کە نرخی هەرزان نیە.

کۆیئەوپارەیەیلەیەکساڵدانەخۆشخانەتایبەتەکانی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەرسەرجەمکارەکانیان لەخەڵکی هەرێمی کوردستانی وەردەگرن، بریتی یە لە (400،718،367،000) سێ سەدوشەست و حەوت ملیۆن و حەوتسەد و هەژدە ملیار و چوارسەدملیۆن دینار.

**تەوەری پێنجەم / نۆرینەگەکان:.................................................**

لەنەخشەی بازاری تەندروستیوکەرتی تایبەتی تەندروستی هەرێمی کوردستاندا نۆرینگەکانیش شوێنێکی فراوانیان هەیە، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پشت بە نۆرینگەکان دەبەستن بۆ چارەسەرکردن، ئەوەش لەبەر ئەوەی نرخیان هەرزانترەو بەدەنگەوە هاتنیان خێراترەو نزیکیشن لە شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکەوە، نۆرینگەکان دابەشی ناو گەڕەكو شوێنە جیاوازەکانی شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بوون.

- بەپێی داتاکانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (4230) نۆریگە هەن کە کارمەندی تەندروستی بە هەردوو جۆرەکەی پەیمانگاو زانکۆ بەرێوەی دەبەن، بەپێی بەدواداچوونی تیمەکانمان رۆژانە هەر نۆرینگەیەك ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانی دەکەن لەنێوان هەشت بۆ (15)کەسن، کە زۆرینەی نۆرینگەکان ژمارەی سەردانیکەرانیان رۆژانە (10 – 15) کەسە، ئەم راپۆرتە تێکڕا (10) کەسی وەك ژمارەی گشتی سەردانی کردن بۆ هەر نۆرینگەیەك وەرگرتوە، هەروەها بڕی ئەو پارەیەی رۆژانە لەلایەن هاووڵاتیانەوە لەنۆرینگەکان دەدرێت بەکرێی وەرگرتنی دەرمان یان هەر

**پێداویستییەکی دیکە لە یەك هەزار دینار تا (15,000) دینارە، لە هەندێ حاڵەتدا دەگاتە (20,000) دینار، بەڵام زۆرینەی هاوڵاتیان کە سەردانی نۆرینەگەکان دەکەن بڕی چوار تا (10,000) دینار دەدەن، ئەم راپۆرتە نرخی حەوت هەزار دیناری وەك نرخی تێکرا وەرگرتوە کە زۆرینەی هاووڵاتیان بەو بڕە پارەیە خزمەتگوزارییان بەدەست هێناوە، زۆرینەی هەرە زۆری نۆرینگەکان لە هەفتەیەکدا شەش رۆژ دوا نیوەروان کراوەن، هەندێکیان رۆژانی شەممە بەیانیانیش کراوەن، هەندێکیان رۆژانی هەینیش کراوەن، ئەم راپۆرتە لە هەفتەیەکدا شەش رۆژ واتا شەمە تا پێنجشەمەی وەرگرتوە، هەروەها لە مانگێکدا (24) رۆژ، کە رۆژانە (42,300) کەس سەردانی نۆرینگەکان دەکەن.**

- ➢ **لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا ئەو پارەیەی لەلایەن خەڵکەوە دەدرێدەدرێت بە نۆرینگەکان بەم جۆرەیە:-**

- **رۆژانە (296,100,000) دوسەدونەوەدوشەش ملیۆنو سەد هەزاردینار.**
- **هەفتانە (1,776,600,000) یەك ملیاروحەوت سەدو حەفتاو شەش ملیۆنو شەش سەد هەزار دینار.**
- **مانگانە (7,106,400,000) حەوتملیاروسەد و شەشملیۆنو چوار سەدهەزار دینار.**
- **ساڵانە (85,276,800,000) هەشتاوپێنج ملیاردووسەدوحەفتاوشەش ملیۆنوهەشتسەدهەزار دینار.**

لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (241) سەنتەری جونکاریی هەن، زۆربەی هەر زۆری سەنتەرەکان دەکەونە پارێزگای هەولێرەوە کە ژمارەیان لە هەولێر (90) سەنتەرە، بەشی سەنتەرەکانی جوانکاریی لە هەرێمی کوردستان لەلایەن ستاڤ بیانی یەوە بەرێوە دەبرێن، بەشێکیان لەلایەن ستاڤ بەغداو شارەکانی خواروی عێراقەوە بە رێوە دەبرێن، کەمترین سەنتەر لەلایەن ستاڤ خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە بەرێوە دەبرێن. ئەو ستافە بیانیانەی سەنتەرەکانی جوانکاری لەهەرێمی کوردستان بەرێوەدەبەن، بە پلەی یەکەم، ئێرانی و دواتر سوری و تورکی و لوبنانین، ئەمەش دەروازەیەکی گەورەیە بۆ بردنەوە دەرەوەی پارە لە هەرێمی کوردستان للایەن ئەو وڵاتانەوە.

تیمی رێکخراوی ئاران بەدواداچوونی کرد لەسەر بارودۆخی ئەو کەسانەی سەردانی سەنتەرەکانی جوانکاریی دەکەن، تا بۆی دەربکوێت هۆکاری سەردانەکانیان پێویستە یان تەنیا خواست و ئارەزوی جواناکاریە، بوونی گرفت لە دەموچاوو روتانەوەی قژ و گرفتەکانی پێست، هەروەها سوتاوی و شوێنەواری برینداریی وەك هۆکاری پێویست کرانە بنەما بۆ پێویست بوونی سەردانی کردنی ئەو سەنتەرە جوانکاریانە، لە ئەنجامدا دەرکەوت تەنیا 4٪ ئەو کەسانەی سەردانی ئەو سەنتەرانە دەکەن، یەکێگ لەو گرفتانەیان هەیە کە لەسەرەوە باس کرا، 96٪ ئەوانەی سەردانی سەنتەرەکان دەکەن، هیچ گرفتێکی دیاری کراویان نیە، تەنیا خواستی گەنج بوونەوەو جوانتر دەرکەوتنی روخساریان هەیە، ئەمەش پێی دەوترێت چارەسەری نا پێویستی خۆویستی.

سەنتەرەکانی جوانکاریی لە هەموو ناوەندە تەندروستیەکانی دیکەی کەرتی تایبەت قەرەباڵغتر دەردەکەون، ئەوەش بەهۆی ئەو لێشاوە زۆرەی خەڵك سەردانیان دەکات، ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانی هەر سەنتەرێکی تەندروستی دەکەن لە نێوان (15) بۆ (100) کەسدایە، بەشی هەرە زۆری سەنتەرەکان ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانیان دەکەن لە نێوان (30) بۆ (55) کەسدایە، بۆیە ئەم راپۆرتە لانی کەمیی ژمارەی سەردانیکردنی وەك ژمارەی ناوەند وەرگرتوە کە (30) کەسە بۆ هەر سەنتەرێك لە رۆژێکدا، بەم پێیەش رۆژانە لە هەرێمی کوردستان ئەو کەسانەی سەردانی سەنتەرە جوانکاریەکان دەکەن (7,230) کەسە، بەپێی بەدواچوونەکان 6٪ ئەو کەسانەی سەردانی ئەو سەنتەرانە دەکەن بەمەستی رواندنەوەی قژ سەردان دەکەن کە بریتی یە لە (433) کەس، نرخی رواندنەوەی قژی سەر بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان (300 بۆ 500) دۆلاردایە، ئەم راپۆرتە نرخی (400) دۆلاری وەك نرخی ناوەند بۆ رواندنەوەی قژ دیاری کردوە، بەم پێ یەش ئەو پارەیەی لە هەرێمی کوردستان دەدرێت بە رواندنەوەی قژ بەمجۆرەیە:-

- رۆژانە: (173,200) سەد حەفتاو سێ هەزار و دوو سەد دۆلار.
- مانگانە: (4,156,800) چوار ملیۆن و سەدو پەنجاو شەش هەزار و هەشتسەد دۆلار.
- ساڵانە: (49,881,600) چل‌ونۆ ملیۆن و هەشتسەد هەشتاو یەك هەزار و شەشسەد دۆلار.

بەشێوەی گشتی سەرجەم ئەو کەسانەی خوازیاری ئەنجامدانی کاری رواندنەوەی قژن لە رەگەزی نێرن.

لەئەنجامی ئەو لێوردبونەوەو بەدواداچوونەی تیمی رێکخراوی ئاران بۆ هۆکاری سەردانی کردنی سەنتەرەکانی جوانکاریی ئەنجامی دا دەرکەوت 5٪ ئەوانەی سەردانی ئەو سەنتەرانە دەکەنە بە مبەستی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاریی لوت سەردان دەکەن، کە دەکاتە (366) کەس، نرخی نەشتەرگەریی جوانکاریی لوت لەنێوان (600 بۆ 1200) دۆلاردایە، زۆربەی سەنتەرەکان (800 بۆ 1000) هەزار دۆلار وەر دەگرن، بۆ نەشتەرگەریەك، ئەم راپۆرتە نرخی (900) دۆلاری دیاری کردوە بۆ هەر نەشتەرگەریەکی جوانکاری لوت، بەم پێیەش ئەو پارەیەی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەیدەن بە نەشتەرگەریی جوانکاریی لوت بەمجۆرەیە:-

رۆژانە: (329,400) سێسەد بیست‌ونۆ هەزار و چوارسەد دۆلار.

مانگانە: (3,952,800) سێ ملیۆن نۆسەدو پەنجاو دوو هەزار و هەشتسەد دۆلار.

ساڵانە: (47,433,600) چل‌وحەوت ملیۆن و چوارسەدو سی و سێ ملیۆن و شەشسەد دۆلار.

هەر بە پێی بەدواچونەکانی تیمی رێکخراوی ئاران 4٪ ئەو کەسانەی سەردانی سەنتەرەکانی جوانکاریی دەکەن، تەنیا بۆ پرسیارکردن سەردان دەکەن‌و هیچ پارەیەك خەرج ناکەن، 85٪ ئەوەکانی دیکە کە سەردانی ئەو سەنتەرە جوانکاریانە دەکەن، بەمەبەستی جۆراوجۆری جوانکاریی سەردان دەکەن کە بریتین لە (6,222) کەس ئەم کەسانە هەر یەکەو بەلای کەمەوە لەنێوان (25 تا 100) دۆلار خەرج دەکەن، هیچ خزمتگوزاریەکی سەنتەرەکان نیە لە (25) دۆلار کەمتر بێت، ژمارەیەك لەوانە تا (300) دۆلار خەرج دەکەن، بەشی هەرە زۆریان لە (40 بۆ 70) دۆلار خەرج دەکەن، بۆیە ئەم راپۆرتە (40) دۆلاری وەك نرخی ناوەند بۆ هەر کەسێك

دیاری کردوە کە ئەمە لانی کەمی نرخە، بەم پێیەش، ئەو پارەی لە هەرێمی کوردستان دەدرێت بە لەلایەن ئەو کەسانەوە دەدرێت بە سەنتەرەکانی جوانکاریی بەم جۆرەیە:-

- رۆژانە: (248,880) دوو سەد و چلوهەشت هەزار هەشتسەد و هەشتا دۆلار.
- مانگانە (5,973,120) پێنج ملیۆنو نۆسەدوحەفتاو سێ هەزار و سەدوبیست دۆلار.
- ساڵانە: (71,677,440) حەفتاو یەك ملیۆن و شەشسەدوحەفتاوحەوت هەزار و چوارسەدوچل دۆلار.

کۆی ئەو پارەیەی ساڵانە لەهەموو بوارەکاندا دەستی سەنتەرەکانی جوانکاری دەکەوێت لە هەرێمی کوردستان بریتی یە لە (168,992,640) سەدو شەستوهەشت دۆلار و نۆسەدونەوەدو دوو هەزار و شەشسەدوچل دۆلار.

## دروستکردنی هەڕەشەی تەندروستی و ئابوری لەسەر هەرێمی کوردستان لەلایەن سەنتەرەکانی جوانکارییەوە:-

بەشێوەیەکی گشتی سەنتەرەکانی جوانکاریی لە هەرێمی کوردستان چەندین مەترسی جۆراوجۆریان لەسەر بوارە جیاوازەکانی ژیانی خەڵك لە هەرێم دروستکردوە، کە لە دیار ترینیان مەترسیەکانی تەندروستیوئابوریە.

**مەترسی تەندروستی:-** بەپێی بەدواداچوونی وردی تیمی رێکخراوی ئاران لە میانی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا، ئەوە دەرکەوت بەشی زۆری ستاف ئەو سەنتەرانەی کە لەلایەن هاووڵاتیانی وڵاتانی ئێرانوسوریاو تورکیا و لوبنانەوە بەرێوە دەبرێن، کەسانی ەپسپۆری بواری جوانکاریی نین، تیایاندا هەیە، هیچ بروانامەیەکی زانکۆییـ یان پەیمانگای لەبواری تەندروستیدا نیە،

هەندیکیش هەن جۆرێك لە جۆرەکانی بروانامەی لە بواری پزیشکیدا هەیە بەڵام لە بواری جوانکارییدا نیە، بۆ نموونە ستاڤ وا هەیە بروانامەی لەبواری مامانیدا هەیە بەڵام لە هەرێمی کوردستان کاری رواندنەوەی قژ دەکات، هەروەها بەشێکی زۆر لەو ستافانە لە وڵاتەکانی خۆیان خولی یەك مانگی یان کەمتر دەبینن، بەنیازی ئەوەی بێن لە هەرێمی کرودستان کاری جوانکاریی بکەن، ئەمەش وای کردوە، کارەکە بە نەشارەزایی بکەن، ساڵی رابردوو لە یەکێك لە سەنتەرەکانی جوانکاریی کەسێك دەیویست کاری رواندنەوەی قژی بۆ بکرێت، لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەدا گیانی لەدەستدا، دواتر دەرکەوت ئەو ستافەی کارەکەی بۆ ئەنجام دەدا لە جیاتی شارەزایی لە بواری جوانکاری شارەزای بواری مامانی بوو، بەشی هەرە زۆری سەنتەرەکانیجوانکاریی لەهەرێمی کوردستان بەرپرسانی باڵای حکومەتوحیزبی لە پشتەوەیە، کەل ەدورووەوە پشتیوانیان دەکەن‌و هاوبەشی داهاتی سەنتەرەکانن بە بیٚ ئەوەی ناویان لە تۆماری سەنتەرەکاندا هەبێت، ئەم بەرپرسانە پۆست‌و پلەو پایەی حوکمی‌وحیزبی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی ئاسانکاریی بۆ ئەو سەنتەرانە بکەن لە وەرگتنی مۆڵەت‌و رێگەدا بە ستافە ناشارەزاکانیان تا کار بکەن، لەبەرامبەر ئەمەدا پشك وەردەگرن.

**ساغکردنەوەی مادەی خراپ و مەترسیدار:** هیچ بوارێکی پزیشکی هێندەی سەنەتەرەکانی جوانکاریی رۆڵی نیە لە ساغکردنەوەی ماددەی خراپ‌و بێکەڵك‌وساختەکراو، ماددەکانی فیللەرو بۆتۆکس لە زۆرترین ئەو ماددانەن کە ساختەکاری‌و فێڵیان تێدا دەکرێت، ئەندامانی تیمی رێکخراوی ئاران ئەوەی بۆ دەرکەوت، لە مادەی بۆتۆکسدا فێڵێکی زۆر دەکرێت، کە ماددەی ساختەکراوی چینی بە نرخی ماددەی ئۆرجینالی فەرەنسی‌و سویدی دەفرۆشرێت، نرخی یەك دەرزی بۆتۆکسی فەرەنسی یان سویدی لە نێوان

(70 بۆ 100) دۆلارە، کە ماددەیەکی ئۆرجینالە و وەك دەوترێت زیانی لەوەکی کەمترە، بەڵام لەئێستا چەند کۆمپانیاو هاوردەکارێك دەستیان داوەتە فرۆشتنو بڵاوکردنەوەی ساختەکراوی ئەو ماددە ئۆرجینالەن بەجۆرێك جیاکردنەوەیان قورسە، ئەویش لەبەر ئەوەی هەممان ناوو لۆگۆی بازرگانی و کارتۆنیان بۆ بەکار هێناوەتەوە، کە تەنیا ماددەکە جیاوازەو بە ئاسانی لە ئۆرجینالەکە جیا ناکرێتەوە، نرخی یەك دەرزی لە ماددە ساختەکراوەکە (20) دۆلارە، بەڵام لە زۆرێك لەسەنتەرەکان بە نرخی ئۆرجینالّ بە خەڵك دەفرۆشرێتەوە، ئەمەش وای کردوە خەڵك پارەیەکی زۆر بەو ماددەیە بجەنو کاریگەرییەکی کەمیشی هەبێتو لە ئایندەشدا ئەگەری زۆر زیانە تەندروستیەکانی دەربکەون.

**مەترسی ئابوری**:- سەنتەرەکانی جوانکاریی لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆریان لەلایەن کەسانی بیانیەوە بەرێوە دەبرێن، لە ئێستادا یەکێکن لە دەروازە گەورەکانی بردنە دەرەوەی پارە، ئەو برە پارەیەی کە لەسەرەوە باسکرا، سەرجەمی دەچێتە دەرەوە، ستاف ئەو سەنتەرانە بە نیازی کارکردنودەوڵەمەندبوون هاتوون بۆ هەرێمی کوردستان نەك پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی، ئامانجی سەرەکیشیان بردنەوەی پارەیە بۆ وڵاتەکانیان، ئەمەش وایکردوە ساڵانە دەیان ملیۆن دۆلاری خەڵکی هەرێمی کوردستان بروات بۆ ئەو وڵاتانە، ئەمەش پێچەوانەی سیاسەتی ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقە.

## تەوەری حەوتەم: مەترسی بڵاوبونەوەی نەخۆشی ئایدز لە هەرێمی کوردستان:-

یەکێکی لە مەترسیەتەندروستیە سەرەکییەکان لە هەرێمی کوردستان مەترسی بڵاوبونەوەی نەخۆشی ئایدزە، یانەکانی شەوانە و بەشێك لەو شوێنانەی بەناوی کافتریاوە کار دەکەن، دەروازەی سەرەکین بۆ مەترسی

بڵاوبونەوەی ئەو نەخۆشیە مەترسیدارە، ئەو شوێنانە لەبەر ئەوەی لەلایەن بەشێك لە پرسانی حیزبیوخەڵكانی دەسترۆیشتوەو پشتیوانی دەكرێن لەبەرامبەر وەرگرتنی پشك، دەتوانن بە پێچەوانەی مۆڵەتەكانیان كار بكەن، ئەمەش بەو مانایەی كاری لەشفرۆشیان تێدا دەكرێت یان لەرێگای ئەوانەوە كاری لەشەفرۆشی دەكرێت، لە هەرێمی كوردستان (118) یانەی شەوانە هەن، كە (72) یانە بە تەنیا لە شاری هەولێرە، ئەوەكانی دیكە لە شارەكانی سلێمانیودهۆكن، ئەم یانانە بە پاڵ سازكردنی ئاهەنگەوە كاری لەشفرۆشیان تێدا دەكرێت، بەجۆرێك كە چاودێریەكی كەمی دەسەڵاتی تەندروستیان بەسەرەوەیە، ئەوانەی لەو یانەیەدا كار دەكەنوكاری لەشفرشیان پێوە دەكرێت، بە زۆری ژنانی ئێرانیوتوركیو سوریولوبنانیو ئۆكرانیو ژنانی شاری بەغدا و شارەكانی دیكەی خوارووی عێراقن، لە هەندێك حاڵەتی كەمیشدا ژنی هەرێمی كوردستانیش لەوێدا كار دەكەن، ئەوانەشی وەك میوان یان كڕیار سەردانی ئەو شوێنانە دەكەن، پیاوانی خەڵكی هەرێمی كوردستانو بەغدا و شارەكانی دیكەی عێراقن، كە پیاوانی شارەكانی عێراق بە رێژەیەكی زیاتر لە پیاوانی هەرێمی كوردستان كوردستان سەردانی ئەو شوێنانە دەكەن، دەسەڵاتی پەیوەندیدار بە سەرپەرشتی كردنی ئەو شوێنانە بریتی یە لە وەزارەتەكانی ناوخۆ و تەندروستی و دەزگای ئاسایش، كە زیاتر وەزارەتی ناوخۆ و دەزگای ئاسایش لە روی ئەمنیەوە رۆڵیان هەیە، وەزارەتی تەندروستی رۆڵی كەمە، بەپێی رێنماییە ناوخۆیی و جیهانیەكان دەبێت زوو زوو پشكینین بۆ ئەو كەسانە بكرێت كەلەو شوێنانە كار دەكەن، تەنانەت دەبێت پشكنین بۆ ئەو كەسانەش بكرێت كە سەردانیان دەكەن، بەڵام ئەم كارە بەپێی رێنماییەكان ناكرێت، وەزارەتی ناوخۆ تەنیا لەكاتی هاتنی ستافی ئەو شوێنانە و وەرگرتنی مۆڵەتی مانەوە پشكنینی دڵنیایی لە تووش نەبوون

به ڤایرۆسی ئایدز بەو کەسانە دەکات، هەروەها لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەتەکە شەش مانگ جارێك یان ساڵی جارێك ئەو پشکنینە دوبارە دەکاتەوە، ئەمەش ماوەیەکی زۆرەو ئەو کەسانەی لەو شوێنانەدا کار دەکەن پێویستیان بەوەیە پشکنینی رۆژانە یان بەلای کەمەوە پشکنینی هەفتانەیان بۆ بکرێت.

**تەوەری هەشتەم: بازرگانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان:.............**

بەیەکێك لەو بارزگانیانە هەژمار دەکرێت کەلە دوای نەوتەوە بە پلەی دوەم دێت، ئەم کارە لە هەرێمی کوردستان وەك کارێکی مرۆیی سەیر ناکرێت، بەڵکو تەواو بازرگانی یەو ئامانجە گەورەکە لێی دەستکەوتنی قازانجە، ئەوەش وایکردوە ململانێیەکی زۆری لەسەر دروست ببێت، هاوکات حیزبەکانی دەسەلآت بەشێوەیەکی گشتی هەرێمی کوردستانیان دابەشی سەر دوو زۆنکردوە، لە زۆنی سلێمانی بازرگانی دەرمان بۆ یەکێتیو لە سنوری هەولێر بۆ پارتی قۆرغکراوە، لە هەردوو زۆنەکە هەردوو حیزب هاوردەکردنی دەرمانیان بۆ کۆمپانیاکانی نزیك لە خۆیان قۆرغ کردوەو رێگەش نادەن دەرمان لەنێوان سلێمانیوهەولێردا بگوازرێتەوە مەگەر بە رێککەوتنی کۆمپانیاکان بێت، تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە حالچەتێکی سەرنج راکێشی تۆمارکرد، ئەویش ئەوەیە کە کچێکی گەنجی دانیشتووی سلێمانی دەست رەنگینە توانای دروستکردنی مەدالیا و بوکەڵەی هەیە، بریار دەدات چەند مەدالیایەك بە سرنج دروست بکات، ئەوەش بۆ ئەوەی بە پزیشکان و ئەو کەسانەی لە کەرتی پزیشکیدا کار دەکەن بفرۆشرێت تا بۆ جوانی و رازاندنەوە بە سویچی ئۆتۆمبێل یان لەناو ئۆتۆمبێلەکانیان هەڵی

بواسن، کاتێك دەیەوێت چەند دانەیەك لەو مەدالیایە رەوانەی هەولێر بکات کە لەلایەن کریارانی هەولێرەوە داواکاری لەسەر هەبوو، بەڵام لە بازگەی دیچگەلّە رێگریی لێدەکەن بچێتە هەولێرەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو مەدالیایە لە سرنج دروستکراوەو لەدەرمان دەچێت، لەکاتێکدا سرنجەکە بەتاڵ بوەو رازێندراوەتەوەو دەستکاری کراوە، بەکەڵکی ئەوە نەماوە بۆ بواری پزیشکی بەکار بهێنرێتو ژمارەشیان لە (50) دانە تێپەڕی نەکردوە.

### هاوردەکردنی دەرمان لە هەرێمی کوردستان:

وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، هاوردەکردنی دەرمان لەبەر ئەوەی قازانجێکی زۆری تێدایە، لەلایەن کۆمپانیاکانی نزیك لە هەردوو حیزبی دەسەڵاتەوە قۆرغکراوە، لەناو ئەو کۆمپانیایانەشدا کۆمپانیای نزیکتر و تزیك هەیە لە حیزب و دەسەڵاتەوە، بەشێوەیەکی گشتی کۆمپانیاکانی هاوردەکاری دەرمان بەسەر سێ بەشدا دابەش دەبن، بەشی یەکەم ئەوانەن کە زۆر لە حیزبەکانەوە نزیکنو کەسانی زۆر دەستڕۆیشتووی ناو حیزب لە پشتیانەوەن، ئەم جۆرە لە کۆمپانیای چانسی تەواویان هەیە بۆ هاوردەکردنی دەرمان و هەموو کار ئاسانیەکیان بۆ دەکرێت، بەشی دوەم ئەوانەن کە نزیکن لە حیزبەوە، بەڵام کەسانی کەمدەسەڵات لە پشتیانەوەن، ئەم جۆرەش لە کۆمپانیا لە پلەی دوەمدا دێن بۆ بوونی چانس، جۆری سێیەم ئەوانەن کە کۆمپانیای نیمچە ئاساییین و هی بازرگان و هاوردەکاریی ئاسایین، ئەم جۆرە لە کۆمپانیا کەمترین چانسیان هەیە، لێرەدا چۆنێتی ململانێو هەوڵی حیزبەکان بۆ قۆرغکردنی دەرمان بۆ کۆمپانیاکانی خۆیان دەخەینە روو:-

هەر کۆمپانیایەك دەمران هاوردەبکات پێویستە سەرەتا نموونەیەك لەو درەمانە بباتە کۆلیتی کۆنترۆڵ، تا لەوێ پشکنینی بۆ بکرێت، کۆالیتی کۆنترۆڵ دەزگایەکی سەر بە وەزارەتی تەندروستیەو بارەگاگەی لە شاری هەولێرە و لە هەرێمی کوردستان تەنیا ئەو دەزگایە هەیە، نیگەرانی ئەوە لەنێو کۆمپانیاکانی بواری دەرماندا هەیە، کە ئەو دەزگایە لەلایەن حیزبە سیاسیەکانەوە بەتایبەت هەردوو حیزبی دەسەڵات لەژێچر فشارێکی زۆردایە، بۆ ئەوەی سەرەتا مۆڵەت بە کۆمپانیاکانی خۆیان بدات بۆ هاوردەکردنی دەرمان، بۆ نموونە ئەگەر کۆمپانیایەکی نزیك لە حیزبەکانی دەسەڵاتەوە لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئاسایی پێکەوە نموونەی دەرمان پێشکەش بە کوالیتی کۆنترۆڵ بکەن بە نیازی ئەوەی هاوردەی بکەن، ئەوا سەرەتا مۆڵەت بە کۆمپانیا حیزبیەکە دەدرێت تا دەرمانەکە هاوردە بکاتوبێ بوونی ململانێ بیفرۆشێت، دوای ئەوە مۆڵەت بە کۆمپانیا ئاساییەکە دەدات، ئەوەش وا دەکات کۆمپانیا ئاساییەکە بازاری نەبێتودەرمانەکەی نەفرۆشرێت، ئەم کارە بۆتە هۆی ئەوەی چەندین کۆمپانیا لە بازارگانیی کردن بە دەرمانەوە بکشێنەوە، چونکە بۆ کۆمپانیای حیزبی قووڕغکراوەو بوار بۆ کۆمپانیا ئاساییەکان نەهێڵدراوەتەوە.

## بازرگانی کەرتی تایبەت بەشێوەی نایاسایی بە دەرمانە شێرپەنجەییەکانەوە:-

بەپێی یاسا لە هەرێمی کوردستانو لە عێراقیش، هاوردەکردن و کرین و فرۆشتنی دەرمانە شێرپەنجەییەکان دەبێت لەلایەن حکومەتەوە بکرێتو بە هیچ جۆرێکە نەدرێت کەرتی تایبەت ئەم کارە بکات، ئەوەش لەبەر ئەوەی گواستنەوەو هەڵگرتنی ئەو جۆرە دەرمانە زۆر تایبەتە و رێشوێنی زانستی

وردی ئەویٚ، بەڵام لە ئێستادا بە پێچەوانەوە، قەبارەی مامەڵەکردن بە دەرمانە شێرپەنجەییەکانەوە سێ ئەوەندەی حکومەتە، ئەمە تەنیا لە هەرێمی کوردستان وایە و تائێستا حکومەتی عێراق رێگەنادا کەرتی تایبەت هیچ مامەڵەیەك بەو جۆرە هەستیارەی دەرمانەوە بکات.

**کڕینی دەرمانی شێرپەنجەیی لە کەرتی تایبەت لەلایەن حکومەتەوە:-**

بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتیە پزیشکیەکان پێویستە حکومەت خۆی راستەوخۆ دەرمان شێرپەنجەیی لە کۆمپانیا باوەڕ پێکراوەکان بکڕن، بەڵام ئەمە لە هەرێمی کوردستان تەواو پێچەوانەیەو حکومەت دەرمانی شێرپەنجەیی لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت دەکڕێت، کە ئەمەش چەندین گومان هەڵدەگرێت، کە بەم جۆرەیە:-

یەك: بەشێوەیەکی گشتی دەرمانە شێرپەنجەییەکان لەسەر داواکاریی دروستدەکرێن، واتا لەو جۆرە دەرمانە نین پێشوەختە لەسەر خەملاندن دروستبکرێن‌و بخرێنە بازاڕەوە چاوەڕێی فرۆشتنیان بکرێت بەڵکو کاتێك داواکاریی پێشکەش بە کارگەکان دەکرێت ئینجا دەست بە دروستکرنیان دەکرێت، ئەوەش لەبەر ئەوەی گران بەهان و هەڵگرتنیان و زۆر مانەوەیان مەترسیدارە، هەروەها ماوەی دروستکردنیان کاتی دەوێت، واتا پێدانی گرنتی ماوەیەکی کەم بۆ گەیشتنی دەرمانەکە جێی گومانە، لە هەرێمی کوردستان ئەو کۆمپانیانەی دەرمانی شێرپەنجەیی بە حکومەت دەفرۆشن، هەمیشە گرەنتی ماوەیەکی زۆر کەم دەکەن بۆ رادەستکردنی دەرمانەکە، ئەمەش جێگەی گومانە و لەگەڵ لۆژیکدا یەك ناگرێتەوە، جێگای گومانە بەوەی ئەگەری زۆرە کۆمپانیاکان رێکەوتنی نهێنیان هەبێت لەگەڵ بەرپرسانی دەسترۆیشتوودا کە ئاگایان لە کاروباری تەندەرەکان و پلانی حکومەت

هەبێتوزانیارییان دەستبکەوێتو بەر لە راگەیاندنی تەندەرەکان بزانن کە تەندەرەکانیان بۆ دەر ئەچێت و داوای دروستکردنی دەرمانەکەیان کردبێت، لەبەر ئەوەبێت کە دەرمانەکە زوو رادەست دەکەن، ئەمەش پێچەوانەی یاسایەو ئەچێتە چوراچێوەی قۆرغکاریی و گەندەڵییەوە، چونکە هیچ دەستڕۆیشتویەك بێ بەرامبەر ئەو کارە بۆ کۆمپانیایەك ناکات ئەگەر دەستکەوتی تایبەتی تیادا نەبێت، هەروەها نا لۆژیکیە لەبەر ئەوەی ئەو ماوەیەی ئەوان لە تەندەرەکاندا دیاری دەکەن بۆ رادەستکردنی دەرمانەکان ماوەیەکی کەمەو لەگەڵ ئەو کاتەی بۆ دروستکردنی دەرمانەکەو گەیشتنی بە هەرێم یەکناگرێتەوە.

دوو: زۆرێك لەو کۆمپانیانەی تەندەری فرۆشتنی دەرمانی شێرپەنجەییان بە حکومەت بۆ دەردەچێت، کە لەتەندەرەکاندا ماوەیەکی کەمیان بۆ رادەستکردنی دەرمانەکان دیاری کردوە، پابەندی ئەو ماوەیە نابن، ئەمەش گومانێکی تر دەخاتە ئەوکارە، چونکە ئاشکرایە کە هەنگاو و کاتی دروستکردن و گەیشتنی دەرمانی شێرپەنجەیی چۆنن، کە پێویستە ئەوکاتەی کۆمپانیاکان بۆ رادەستکردنی دەرمانەکان بە حکومەت لە تەندەرەکاندا دیاری دەکەن پێچەوانەی ئەو لۆژیکە نەبن، بەڵام ئەو کۆمپانیانەی لە هەرێمی کوردستان تەندەریان بۆ دەردەچێت لە تەندەرەکاندا کاتی نالۆژیکی دەنووسن بۆ رادەستکردنی دەرمانەکان، کە کاتەکە کەمەو لەگەلچ لۆژیکی کاتی دروستکردنی ئەو جۆرە دەرمانەو گەیشتنی بە هەرێم یەك ناگرێتەوە، کۆمپانیاکان ئەم کارە لەبەر ئەوە دەکەن بۆ ئەوەی تەندرەکانیان سەرنج راکێش بێت بیناوی ئەوەی هەبێت لەبەر ئەو کاتە کەمە قبوڵ کراوە، بەڵام دوای قبوڵ کردنی تەندرەکە ناتوانن پابەندی کاتەکە ببن و لایەنی

بەرپرسیش چاوپۆشیان بۆ ئەکات، ئەمەش ئەوە دەر دەخات ئەو کۆمپانیانەی ئەو تەندەرانەیان بۆ دەردەچێت ترسی ئەوەیان نیە سزا بدرێن، کە ئەمەش جێگەی گومانە، هەروەها جۆرێکە لە قۆرغکاریی، چونکە ئەو ماوەیەی بە واقعی دەرمانەکەی تیادا رادەست دەکەن جیاوازی زۆرە لە گەڵ ئەو ماوەیەی لە تەندرەکاندا نوسیویانە، هەروەها زیاترە لەو ماوەیەی کە کۆمپانیاکانی دیکە دیاریان کردوە بۆ رادەستکردنی دەرمانەکان بەڵام لەبەر زۆری ماوەکە بۆیان دەرنەچووە.

### قەبارەی بازرگانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان:-

حکومەتی هەرێمی کوردستانو ئەو کۆمپانیایانەی لەهەرێمی کوردستاندا کاری هاوردەکردنی دەرمان دەکەن خواستی ئەوەیان نیە قەبارەی راستەقینەی نرخی دەرمانی هاوردە کراو ئاشکرا بکەن، ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێك کەلە سەرەکی ترینیان ئەوەیە کۆمپانیاکانی هاوردەی دەرمان لەلایەن بەرپرسە هەر باڵاکانی حیزبو دسترۆیشتوی ناو حکومەتەوە خاوەندارێتی دەکرێنو هەموو دەسەڵاتێکی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ شاردنەوەو ئاشکرا نەکردنی ئەو قەبارەیە بۆ رای گشتی، بۆ دەستکەوتنی زانیاری لەو بارەیەوە ماندوبونێکی زۆرو کاری بنکۆڵیی هەناسە درێژی دەوێت، لە راپۆرتی ژمارە سێ و ئەم راپۆرتەش تیمی ئامادەکار هەوڵو هەناسە درێژیەکی زۆری کێشا تا گەیتش بە راستی قەبارەی دەرمانی هاوردەکراو، ئەوەش بە لێکدانەوەی ئەو بڕ پارەیەی ساڵانە خەڵکی هەرێمی کوردستان دەیدەن بەدەرمان، قەبارەی نرخی هاوردەکردنی دەرمان لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن کۆمپانیاکانی ئەو بوارەوە هاوردە دەکرێت بە ئامانجی فرۆشتنی بە خەڵك مانگانە (100,000,000) سەد ملیۆن دۆلار

تێ پەڕ دەکات، ئەمەش لەساڵێکدا دەکاتە (1,200,000,000) یەك ملیارو دوسەد ملیۆن دۆلار، کەئەمەش قەبارەی 25٪ کۆی دەرمانی هاوردەکراوی هەموو عێراقە، کە ساڵانە قەبارەی نرخی هاوردەکردنی دەرمان لەعێراقدا دەگاتە (5,000,000,000) پێنج ملیار دۆلار، 100٪ ئەو دەرمانەی کۆمپانیاکان هاوردەی دەکەن لەبازارو بەخەڵك دەفرۆشرێتەوە، چونکە ئەم قەبارەیەی لەسەرەوە باس کرا تەنیا ئەو دەرمانەیە بۆ ساغ کردنەوە لە بازار هاوردە دەکرێتو ئەو دەرمانە ناگرێتەوە کە حکومەت بۆ خۆی هاوردەی دەکات یان دەیکرێت.

**ساغکردنەوەی دەرمان لە بازارەکاندا:-**

کڕیارانی دەرمان تەنیا ئەو کەسانە نین، کە سەردانی عیادە پزیشکیە ئێوارەنەکانو نەخۆشخانە تایبەتەکان دەکەن، بەڵکو زیاتر ئەوانەن کە سەردانی نەخۆشخانە حکومیەکان دەکەن، لە نەخۆشخانە خکومییەکاندا بەشی هەرە زۆری ئەو دەرمانەنە دەستناکەون کە پزیشك دەینوسێت بۆیە خەڵك ناچارە رو لەدەرمانخانەکانی دەرەوە بکەنب ۆ کرینی دەرمان، ئەوەش وایکردوە خەڵك بە لێشاو روو لەدەرمانخانەکانی دەرەوە بکەن، چونکە ژمارەی ئەو کەسانەی سەردانی نەخۆشخانە حکومیەکان دەکەن بە ملیۆنەها کەسن لە ساڵێکدا، بە پێی ئەو ئامارانەی بەردەستن لە چوار ساڵی رابردوودا زیاتر لە (14) ملیۆن سەردان بۆ سەرجەم نەخۆشخانە و مەڵبەندوبنکە تەندروستیە حکومیەکان تۆمار کراوە، بەشی هەرە زۆری ئەمانە لە دامەزاروە تەندروستیە حکومییەکان ئەو دەرمانەیان دەست ناکەوێت بۆ یە ناچارن لە بازار بیکرِن ئەمەش وایکردوەی بازرگانی دەرمان ببێتە

بازرگانیەکی پڕ لە قازانج و ساڵانە ئەو بڕە پارەیە لەلایەن خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە بدرێت بە دەرمان کە لەسەرەوە ئاماژی پێدراوە.

## تەوەری نۆیەم: یاسای نوێی وەزارەتی تەندروستی:........................

بەر لە هەڵوەشاندنەوەی پارلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان گلاڵەی پرۆژە یاسایەکی کرد، بۆ وەزارەتی تەندروستی کە بەوەش یاسای بەرکاری ئێستا یاسای ژمارە 15ی ساڵی 2007 هەڵدەوەشێتەوەو یاسایەکی نوێ بۆ وەزارەتی تەندروستی پەسەند دەکرێت، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی پارلەمانی کوردستان ئەم هەنگاوەی حکومەتی هەرێمی راگرت.

پرۆژە یاساکە  ئەگەر بەم دەقەی ئێستاوە پەسەند بکرێت ئەوا بەشێوەیەکی بنەرەتی کارو ئەرکی وەزارەتی تەندروستی دەگۆڕێت و گۆڕانکاریی ریشەیی لە پەیوەندی وەزارەتی تەندروستی و سەندیکا پزیشکی و تەندروستیەکان دەکات، تائێستا نازانرێت پەرلەمانی کوردستان ئەگەر هاتوو جارێکی دیکە هەڵبژێردرایەوە ئەم پرۆژە یاسایە بەم دەقەی ئێستاوە کە حکومەت ئامادەی کردوە پەسەند دەکات یان نا، بەڵام لە هەموو بارێکدا پێویستە لەسەر سێ بەشی سەرەکی هەڵوەستە بکرێت، ئەوانیش دەسەڵاتی گریمانەیی وەزیری تەندروستی، بە یاساییکردنی سیمی پرایڤد (نیمچە تایبەت) و بێ رۆڵکردنی سەندیکا پزیشکی و تەندروستیەکانە، کە لێرەدا یەکەکە هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین:-

**بەشی یەکەم:-** دەسەڵاتەگریمانییەکانی وەزیری تەندروستی:- ئەم پرۆژەیە یاسایە دەسەڵاتێکی زۆری گریمانەیی بەخشیوە بە وەزیری تەندروستی، ئەمەش لە روی بنەمای یاساییەوە زۆر پەسەند نیە، چونکە رێگا خۆشکەرە بۆ ئەوەی لەبری یاسا کار بە رێنمایی بکرێتو بەریەك کەوتن هەبێت لەنێوان دەسەڵاتی گریمانەیی وەزیر و ئەو رێگەپێدانەی یاسا بۆی دیاری کردوە، بۆیە باشترە زۆربەی ئەو ماددەو برگانەی بۆ دەسەڵاتی گریمانەیی وەزیر بە جێهێڵدراوە دەقی یاساییان بۆ دیاری بکرێتن بۆ ئەوەی نەگۆڕ بن.

**بەشی دوەم:** بە یاساییکردنی سیستەمی نیمچە تایبەت:- حکومەتی هەرێم هەوڵی داوە لە رێگای درەچواندنی یاسایەکی نوێ بۆ وەزارەتی تەندروستی بەرگێکی یاسایی بکات بە بەر سیستەمێکی داهێنراو بەناوی نیمچە تایبەت کە لەساڵی 2014 وە تەنیا بە رێنمایی کاری پێدەکرێتوگلەییەکی زۆری لەسەرە، ئەم هەوڵە ئەگەری زۆرە بە پێچەوانەی بنەماکانی دەستوری عێراق لێکبدرێتەوە، چونکە دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ماددەی 31 برەگەی یەك بە رونی ئاماژەی بەوەکردوە ئەرکی دەوڵەتە خزمەتگوزاری تەندروستی بێبەرامبەر بۆ هاووڵاتیانی عێراق دابین بکات، بەڵام کاتێك نیمچە تایبەت دەکرێت بە یاسا، ئیتر خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانی دەوڵەت سیفەتی پاڵپشتیکراو و بێبەرامبەریی لە دەست دەدات، بۆیە دەکرێت تانە لەو برەگەیە بدرێت ئەگەر هات و لەلایەن پەرلەمانەوە بەمجۆرەی ئێستا پەسەندکرا. خاڵێکی دیکەی بە یاسایی کردنی نیمچە تایبەت لەم پرۆژە یاسایەدا کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت ئەوەیە کاروباری نیمچە تایبەت لە پرۆژە یاساکەدا بە ماددەی یاسایی دیاری نەکراوە، بەڵکو لە ماددەی یەکەمی پرۆژە یاسکەدا لە برگەی بیست، دەسەڵات دراوە بە وەزیری

تەندروستی هەرێم، ڕێنمایی تایبەت دەر بکات بۆ ڕێکخستنی چۆنێنێتی پێشکەش کردنی ئەم خزمەتگوزاریە، لێردە پێویست بوو لەجیاتی ئەوەی دەسەڵاتی گریمانەیی بۆ کارێکی ئاوها گرنگ بدرێت بە وەزیر بە برگەیی یاسایی جێگیر بکرایە، چونکە ئەگەری زۆرە حکومەت لە روی ئابوریەوە سەیری ئەم بابەتە بکات و بیر لە زیادکردنی داهاتی خۆی بکاتەوە، بەمەش ئەرکی سەر شانی هاووڵاتی قورستر ببێت.

**بەشی سێیەم**: بێ ڕۆڵکردنی سەندیکا پزیشکی و تەندروستییەکان:- ئەم پرۆژەیە یاسایە، ئەگەر وەك خۆی پەسەند بکرێت ئەوا هیچ رۆڵێکی ئەو تۆ بۆ سەندیکاکان ناهێڵێتەوە، ئەمەش دژە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیدا، کە سەندیکاکان رۆڵی فراوانیان لە بواری خۆیاندا هەیە، ئەم پرۆژە یاسایە لەماددەی 4 برگەکانی 8،7،6،5،4و10 دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەت بە نەخۆشخانە تایبەتەکانوکلینکە ئێوارەکان و نۆرینگەکان و تاقیگەکان، هەروەها چاودێریکردنیان و ئەنجامدانی لێپێچینەوە لێیان دەداتە وەزارەتی تەندروستی، کە ئەم کارە ئێستا لە تایبەتمەندی سەرەکی سەندیکاکانە، ئەگەر هات و ئەم پرۆژە یاسایە بەمجۆرە پەسەند کرا، ئەوا هیچ رۆڵێك لەم بوارەدا ب ۆسەندیکاکان نامێنێتەوە، کە ئەمەش بە ئاشکرا نیگەرانی ئەو سەندیکایانەی لێکەوتۆتەوە، هەروەها دژیشە لەگەڵ یاسای ئەو سەندیکایانە، چونکە هەر یەك لەوانە بە پێی یاسایەك دامەزراوەو ئەو دەسەڵاتەشیان بە یاسا پێدراوە، ئەمش ناکۆکی و بەریەك کەوتن لەگەڵ یاساکانی ئەو سەندیکایانە دروست دەکات. لە رابردوودا بە ئێستاشەوە گلەی یزۆر لە سەندیکاکان دەکرێت کە بەشێوەیەکی بەرچاو کەوتوونەتە ژێر هەژموونی حیزبەکانەوە، بەڵام لە جیهانی ئەمرۆدا بێ ڕۆڵکردنی سەندیکاکان بەم

جۆرە کارێکی پەسەند کراو نیە، دەکرێت سەندیکاکان دانوساند لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیدا بکەن بۆ ئەوەی پێداچونەوەیەك بەو پرسەدا بکرێت.

**تەوەری دەیەم: بازرگانی خۆراك لە هەریمی کوردستان:..................**

بەشێوەیەکی گشتی ئەو خۆراکانەی دێنە هەرێمی کوردستانەوە بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبن، بەشی یەکەم ئەوانەن کە کوالیتیان زۆر خراپە و خۆراکەکە شتێکەو بە شتێکی دیکە دەفرۆشرێت، ئەم جۆرە خۆراکە بەر ەسمی دێتە هەرێمی کوردستانەوەو حکومەت رێگەی پێداوە، لە ساڵی 2017 وە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەروازە سنوریەکانی دابەشکردوە بەسەر سێ کۆمپانیادا کەسەر بە حیزبە بەشداربوەکانی حکومەتن بە بێ ئەوەی بانگەوازی بۆ بکرێت و کۆمپانیای دیکە بۆی هەبێت تەندەر پێشکەش بکات .

بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆر پشکنین بۆ خۆراکە هاوردە کراوەکان دەکرێت کە ئەوانیش پشکینی فیزیایی و پشکنینی بایلەجۆی و پشکینینی پێکهاتەکانی خۆراکن-:

یەکەم: پشکنینی فیزیایی:- ئەم پشکنینە واتا سەیرکردنی مێژوی دروستکردنی خۆراکەکەو دڵنیای بوون لە بەسەرنەچوونی و رەنگی خۆراکەکە، یان هەرشتێکی دیکە کە بەچاو یان بە یەکێك لە هەستەوەرەکانی

مرۆڤ ببینرێن، ئەم جۆرە پشکنینە تێچوی نیە، لە هەرێمی کوردستان بە باشی ئەنجام دەدرێت.

دوەم: پشکنینی بایەلۆجی:= ئەم پشکنینیە لە رێگەی تاقیگەوە دەکرێت و پشکنین بۆ بوونی بەکتریا و میکرۆبی ناو خۆراك دەکرێت، لەماوەی (24 – 48) کاتژمێر ئەنجامەکەی دەرئەکەوێت، ئەم پشکنینەش سەرەوای ئەوەی تێچووی هەیە بەلاّم لە هەرێمی کوردستان بە باشی دەکرێت، بەلاّم ئەمەش زۆر گرنگ نیە، چونمە ئەگەر خۆراکەکە هەلّگری بەکتریاش بێت ئەوا لەماوەیەکی کەمدا کاریگەری لەسەر بەکارهێنەرەکە دەر دەکەوێتو دەتوانێت چارەسەری خۆی بکات، گرنگترین جۆری پشکنین لە جۆری سێ یەمە کە پشکنینی پێکهاتەی خۆراکە.

سێ یەم: پشکنینی پێکهاتەی خۆراك (پێکهاتەی کیمیایی خۆراك):- ئەم جۆرە بە گرنگترین جۆری پشکنینی خۆراك هەژمار دەکرێت، ئەم جۆرە پشکنینە لە هەرێمی کوردستان کەمترین گرنگی پێ دەدرێت، کۆمپانیا گەورەکتنی دروستکردنی خۆراك بە ئاسانی فێلّ لە هەرێمی کوردستان دەکەن لەم بوارەدان بۆ نمونە ئەو سرکەیەی کە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، بەپێی ئەو پشکنینانەی کراون، بە هیچ جۆرێك سرکە نین، بەلّکو مادەیەکی کیمیایین کە لەبنەرەتدا نابێت بەر پێستیش بکەوێت، بەلاّم لە هەرێمی کوردستان بۆ خواردن بەکار دێت، لە دەروازە سنوریەکان تەنیا پشکنینی رادەی ترشی بۆ سرکە دەکرێت، بەلاّم ئەبێت ئەوە بزانین کەئ ەو کۆمپانیایانەی ئەو جۆرە لە خۆراك دروست دەکەن، لێزانن، توانای ئەوەیان هەیە رادەی ترشی ماددەیەکی وەك سرکە وا لێبکەن کە لە پشکنیندا دەربچبێت لەکاتێکداس رکەکە بۆ خواردنیش نابێت. هەرورەها لەرێگای ئەم

جۆره پشكنینیه‌وه ده‌توانرێت پشكنین بۆ چه‌ندین مادده‌ی دیكه بكرێت كه به‌رزبونیان له خۆراكدا هۆكاری سه‌ره‌كین بۆ شێرپه‌نجه، له‌وانه مادده‌ی پارێزه‌ر، كه له هه‌رێمی كوردستان پشكنین بۆ رێژه‌كه‌ی ناكرێت‌و له‌به‌شی هه‌ره زۆری خۆراكه‌كانیشدا هه‌یه و رێژه‌كه‌ی به‌رزه، هه‌روه‌ها دتوانرێت پشكنین بۆ ره‌نگی خۆراك بكرێت، بۆ نموونه هه‌موو ئه‌و خۆراكه پیشه‌سازیانه‌ی كه ره‌نگی سروشتی خۆراكییان نیه پێویسته پشكنینیان بۆ بكرێت بۆ نموونه ره‌نگی شین، كه له‌هه‌رێمی كوردستاندا زۆر جار ده‌یبینین شه‌ربه‌ت و خواردنه‌وه‌ی دیكه به رنگی شین ده‌فرۆشرێن، زۆر پێویسته ئه‌م پشكنینه بۆ ئه‌و خۆراكانه‌ش بكرێت به‌ڵام ناكرێت،ئه‌م ره‌نگانه كیمیایین و هه‌رس نابن و شی نابنه‌وه، له‌ناو گه‌ده‌ی مرۆڤدا ده‌مێننه‌وه‌و ده‌بنه هۆی نه‌خۆشی درێژخایه‌ن به‌تایبه‌ت شێرپه‌نجه. هه‌روه‌ها پشكنینی پێویست بۆ خواركه‌كانی شوتی و خه‌یار ناكرێت، كه ئه‌ویش له‌رێگای ئه‌م پشكنینه‌وه ده‌بێت دڵنیایی بدرێت له بوونی رێژه‌ی ستانداردی مادده‌ی نیترات تیایدا، كه رێژه‌ی ستاندارده‌كه نابێت له (60 PPM) زیاتر بێت به‌ڵام ئه‌و شوتی و خه‌یاره‌ی هاورده‌ی هه‌رێی كوردستان ده‌كرێت رێژه‌ی نا‌ده‌ی نیترات تیایدا ده‌گاته (340 PPM) كه ئه‌وه‌ش زۆر مه‌ترسیداره و هۆكاری راسته‌وخۆ و سه‌ره‌كی یه بۆ شێرپه‌نجه و چه‌ندین جۆر نه‌خۆشی دیكه‌ی درێژخایه‌ن، مه‌ترسیی سه‌ره‌كی ئه‌نجام نه‌دانی ئه‌م پشكنینانه ئه‌وه‌یه كاریگه‌ریی ئه‌و مادده خراپانه زۆر دره‌نگ ده‌ركه‌ون، كاتێكیش ده‌ر ئه‌كه‌ون چاره‌سه‌ركردنی كاریگه‌رییه‌كه مه‌حاڵه، زۆر جار له‌ماوه‌ی پێنج بۆ ده‌ساڵدا كاریگه‌رییه‌كه‌یان ده‌رئه‌كه‌ون .

چۆنێتی كاری ئه‌م كۆمپانیانه‌-:

بەپێی ئەو گرێبەستەی لە نێوان کۆمپنیاکان و حکومەتدا هەیە پێویستە ئەم کۆمپانیایانە پشکنینی تەواو بۆ سەرجەم ئەو کاڵا حۆراکیانە بکەن کە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، بەڵام ئەمان سەرەرای ئەوەی کۆمەڵێك ئامێری پێشکەوتویان هەیە، بەڵام ئامێرەکانیان کار پێ ناکەن، هەروەها پشکنینی تەواوی پێویست بۆ کاڵا خۆراکیەکان ناکەن، بۆ نموونە-:

- هاوردەکردنی سەوزەو میوە:- بە رێژەیەکی یەکجار زۆرە بۆ هەرێمی کوردستانولە ساڵێکدا بەلای کەمەوە هەشت مانگ وەرزی هاوردەکردنیانە، پێویستە پشکنینی رێژەی ماددەی دژە مێرویان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت چەند رێژەی ئەو ماددەیەی لە کێڵگە کشتوکاڵیەکان بۆ لەناو بردنی مێروو بەکار هاتوە چەندە، چونکە ئەو ماددەیە هۆکاری سەرەکیە بۆ تووشبوونی بە شێرپەنجە، بەڵام ئەو کۆمپانیانە رۆژانە تەنیا دوو بۆ سێ سامپڵ پشکنین دەکەن، ئەمەش زۆر کەمەوە بەهیچ جۆرێك ناتوانرێت ئاوا کۆنترۆڵی سەوزەو میوە بکرێت .

- یاری پلاستیکی منداڵان:- رۆژانە برێکی زۆر یاری پلاستیکی منداڵان هاوردە دەکرێت، کە پێویستە پشکنینی مارگریشنی ئەو ماددە پلاستیکیە بکرێت، کە بزانرێت تا چەند گونجاوە بۆ بەکار هێنان بەڵام ئەویش پشکنینی پێویستی بۆ ناکرێت، دەرکەوتوە ئەو ماددە پلاستیکیە کە منداڵ دەیخاتە دەمیەوە لەماددەی مانزایی زۆر قورس دروستکراون، ئەو ماددانە لەگەڵ لیکی منداڵدا کارلێك دەکەنو دەبنە هۆکاری تووشبوون بە نەخۆشی شێر پەنجە.

- خوێی نەگونجاو بۆ بەکار هێنان: رۆژانە برێکی زۆر خوێ هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئەم جۆرە خوێیە بۆ خۆشکردنی پێستەو

**راگرتنی هاوسەنگی ئامێرە ساردکەرەوەکان بەکار دێت، کە نابێت بەهیچ جۆرێك بۆ خواردن بەکار بێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان دوای هاوردەکردنی وەك خوێی خۆراکی لە مارکێتەکاندا دەفرۆشرێت.**

**- دۆشاوی تەماتەی ئێرانی:- نۆ جۆر دۆشاوی تەماتەی ئێرانی کە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، لەناوخۆی ئێراندا قەدەغە کراوەو لە پشکنینیدا دەرناچێتو رێگە بە فرۆشتنوبەکار هێنانی نادرێت بۆ هاووڵاتیانی ئێران، بەڵام لە هەرێمی کوردستان رێگە بەهاوردەکردن و فرۆشتنی دەدرێتو رۆژانە لەلایەن خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە بەکار دەهێندرێت .**

**چاودێری حکومەت لەسەر کۆمپانیاکانی دەروازە سنوریەکان :-**

**بەپێی رێنماییەکان دەبێت حکومەت چاودێری کاری ئەو کۆمپانیانە بکات کە کاری پشکنین بۆ مادده خۆراکیە هاوردەکراوەکان دەکەن، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ئەو تیمی و ستافەی حکومەت بۆ ئەو کارە دیاناون، پشسپۆری بوارەکە نین و تەنانەت ناوی ئامێرەکانی پشکنینیش نازانن، هەروەها ستاڤی کۆمپانیاکانیش زۆر شارەزا نین، کۆمپانیاکان لەبەر دوو هۆکار ستاڤی شارەزا بەکارناهێنن، یەکەم لەبەر ئەوەی رەنگە ئەگەر ستافەکە شارەزابێت رازی نەبێت بۆ ئەوەی کۆمپانیاکە رێگە بە هەموو جۆرە خۆراکێکی نەشیاو بدات بێتە ناوەوەن دوەم زۆر جار ستاڤی شارەزا داوای موچەیەکی زۆر دەکات، کۆمپانیاکانیش هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە کەمترین تێچوونیان هەبێتو زۆرترین دەسکەوتیان دەست بکەوێت کە ئەمەش پێچەوانەی سورشتی کارکردنی ئەو دۆرە کۆمپانیانەیە، پێویستبوو حکومەت دوو هەنگاو بنێت کە تا ئێستا نەیناوە، ئەوانیش یەکەم ستاڤی پسپۆر بۆ تیمەکانی چاودێری**

خۆی دابنێت تا تاس ەریان لەکار ی کۆمپانیاکان دەربچێتو بتوانن چاودێریان بکەن، دوەم کۆمپانیاکان ناچار بکات ستافی شارەزا بەکار بهێنن تا بتوانن بە باشی کارەکەی خۆیان بکەن، بەڵام ئەم دوو هەنگاوە بە هیچ جۆرێك جێبەجێ نەکراون .

**هێنانی خۆراکی قاچاغو قەدەغەکراو بۆ ناو هەرێمی کوردستان :-**

لە بازارەکانی هەرێمی کوردستاندا چەندین جۆر خۆراکی قاچاغوقەدەغە کراو دەفرۆشرێن، ئەم خۆراکانە لە دەروازە سنوریەکان قەدەغەکراونو هاورەکردنیان بۆ ناو هەرێم تۆمار نەکراوە، کەچی لە بازەرەکاندا هەن، لەوانە جگەری هندی، کە رێژەیەکی زۆر ماددەی نیتراتی تێدایە و لە ساڵی 2007 وە بە بریاری حکومەت قەدەغە کراوە، بەڵام ئیچستا لەبازارەکاندا هەیە و بە ئاسانی کرینی و فرۆشتنی پێوە دەکرێت و لە هەندێك لە خواردنگەو عەرەبانەی فرۆشتنی خۆراك بەکار دەهێندرێت، تەنیا لە ناو شاری سلێمانی بەدواداچوون بۆ رێگریی کردن  لەم جۆرە خۆراکە دەکرێت، لەشارەکانی دیکە بە ئاسانی کرین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت،  هەروەها گۆشتی هندی، لەبەر ئەوەی لە هندستان بە رێگای ئیسلامی ئاژەڵ سەر نابردرێت، بەڵکو لە سەری دەدرێت ئەوەش وایکردوە خوێنەکەی دەر نەچێت و لەناو لەشیدا بمێنێتەوەن بەو هۆیەشەوە رەنگی گۆشتەکە تێك دەچێت، بۆنیشی ناخۆش دەبێت، ئەمە جگە لەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی دەیان جۆر بەکتریا و میکرۆب و ڤایرۆس لەناو ئەو گۆشتەدا دروست ببن،  ئەم جۆرە گۆشتە لە ساڵی 2007 وە لە هەرێمی کوردستان قەدەغە کراوە، بەڵام تائێستا بوونی هەیە و رۆژانە بڕێکی یەکجار زۆری لێ ساغ دەکرێتەوە، لە وڵاتی هندستان بۆ شاردنەوەی نەگونجاوی رەنگی گۆشتەکە، هەروەها بۆن و

تامی بڕێکی یەکجار زۆر ماددەی پارێزەری تێدەکەن، ئەمەش مەترسیەکی تره لەسەر تەندروستی مرۆڤ، واتا ئەو جۆرە گۆشتە جگە لەوەی مەترسی مەینی خوێنی پیس و بەکتریا و میکرۆبو ڤایرۆسی هەیە، هاوکات ڕێژەی نیترات تیایدا بەهۆی زۆر بەکار هێنانی ماددەی پارێزەرەوە مەترسیەکی دیکەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان گوێی پێنادرێت و بە قاچاغ هاوردە دەکرێت و دەفرۆشرێت، بەپێی بەدواداچوونەکانی تیمی ڕێکخراوی ئاران ئەوە دەرکەوت کە ئەمجۆرە گۆشتوجگەرە بە بار هەڵگر و لە دەروازە سنوریەکانەوە بە قاچاغ لەلایەن بەشێك لە بەر پرسانی حیزبی و کەسانی دەستڕۆیشتوەوە بە ئەوەی تۆمار بکرێن و پشکنینیان بۆ بکرێت هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، بەڵام ئەو بەرپرسانە گرنتی فرۆشتنی لەناو بازارە ناوخۆییەکاندا ناکەن .

داهاتی کۆمپانیاکانی پشکنینی خۆراک لە دەروازە سنوریەکان :-

ئەو سێ کۆمپانیایەی کە نۆ دەروازەی سنوری لە ساڵی 2017 وە بە بێ هیچ ململانێك لەبەدەستهێنانی تەندەرەکاندا بەرێوە دەبەن، گرێبەستەکەیان بۆ ماوەی پێنج ساڵ بوو، کە لە 2017 وە دەستی پێدەکرد، دوای تەواوبوونی پێنج ساڵەکە بۆ پێنج ساڵی دیکە بۆیان نوێکراوەتەوە، ئەم کۆمپانیانە سەرچاوەیەکی گەورەی داهاتن بۆ حیزبەکان، بەپێی گرێبەستەکانیان ٪70 داهاتی ئەو پشکنینانە بۆ کۆمپاناکەو ٪30 بۆ حکومەتە، کۆمپانیاکان لەبەرابمەر پشکنینی خۆراك بڕێکی زۆر پارە وەردەگرن، کە دەوترێت پشکنینێکی کەم دەکەن ئەمە مانای ئەوە نیە کە پارەی پشکنین وەر نەگرن، بۆ نموونە ئەگەر کۆنتێنەرێك بە نموونە وەربگیرێت، ئەگەر وا بخولزێت ئەو کۆنتێنەرە پێویستی بە (100) سامپڵی پشکنین هەبێتو ئەو کۆمپانیانە

تەنیا دوو بۆ سێ سامپڵ پشکنین وەر بگرن، ئەوا ئەوان پارەی هەر (100) سامپڵە پشکنینەکە لە کۆنتێنەرەکە وەر دەگرن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بوونی ئەو کۆمپانیانە لەوێ زیاتر بۆ کۆکردنەوەی پارە یە نەك کۆنترۆڵکرنی جۆرایەتی خۆراك، کە ئەم کارە لە بنەرەتەدا کاری حکومەتە نەك کەرتی تایبەت، بەڵام حکومەت لەژێر گاریگەری حیزبە سیاسیەکاندا ئەو کارەی داوە بە کەرتی تایبەت .

بێ رۆڵکردنی کوالیتی کۆنترۆڵ-:

دەزگای کوالیتی کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان تا ساڵی 2010 بە یەکێك لە دەزگا هەرە چالاك و باشەکان هەژمار دەکرا، کە تارەدەیەکی زۆر کۆنترۆڵی هاوردەکردنی کەلوپەلە خۆراکی و ناخۆراکیەکانی کردبوو، رێگریی دەکرد لە هێنانی خۆراك و کەلوپەلی بێکەڵكومەترسیدار، ئەمەش مەترسی گەورەی لەسەر بەرژەوەندی حیزبە سیاسیەکان دروستکردبوو، بۆیە لەساڵی 2011 حکومەت بە بریارێك کوالیتی کۆنترۆڵی بێ رۆڵ کردو پشکنینی هاوردەکردنی خۆراك و کەلوپەلی بە پێی وەزارەتەکان دابەش کرد، کە خۆراك بە هەموو جۆرەکانیەوە درا بە وەزارەتی کشتوکاڵ، دەرمانو پێداویستی پزیشکی درا بە وەزارەتی تەندروستی، مادده پیشەسازیەکان درا بە وەزارەتی بازرگانیوپیشەسازی، ئەوەی مایەوە تەنیا ماددەکانی جوانکاریوپاککەرەوە بوو درا بە کوالیتی کۆنترۆڵ، کە دەبوو خۆراكودەرمان بدرایە بە کوالیتی کۆنترۆڵ، ئەمەش وا لێك دەدرێتەوە ئەوەی دەبوو بدرێت بە کوالیتی کۆنترۆڵ نەدراو ئەوەی پێی درا نابوو پێی بدرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو دەزگا گرنگە بێ رۆڵ بکرێت .

## هێڵی زانیاریەگشتیەکانی ئەم راپۆرتە:......................................

- ئەو پارەیەی ساڵانە خەڵکی هەرێمی کوردستان دەیدەن بەچارەسەرو کرینی دەرمانو نەشتەرگەریی و جوانکاریی لە دەرەوەی دامەزاروە تەندروستیە حکومیەکان بریتی یە لە (1,29,0000,000,000) یەك تریلۆن و بیست و نۆ ملیار دینار
- ساڵانە خەڵکی هەرێمی کوردستان زیاتر لە یەك تریلۆن و پێنجسەد ملیار دینار دەدەن بە کرینی دەرمان.
- لە یازدە ساڵی رابردوودا حکومەت زیاتر لەدە تریلۆن دیناری لە کەرتی تەندروستیدا خەرجکردوە.

- کەرتی گشتی تەندروستی گەیشتۆتە ئاستێك هیچ هاووڵاتیەك بە ئاسانیو لەماوەیەکی کەمدا خزمەتگوزاری وەك نەشتەرگەریو هاوشێوەکانی بۆ ئەنجام نادرێت.

**سەرچاوەکانی ئامادە کردنی ئەم راپۆرتە:..................................**

1. گەڕانو سەردانە مەیدانیەکانی تیمەکانی رێکخراوی ئاران.
2. وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان
3. وەزارەتی تەندروستی حکومەتی عێراق
4. فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان.
5. دیمانەی تیمی ئامادەکاری راپۆرت لەگەڵ لەشکر حەمید، ئەندازیاری خۆراك.
6. سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان
7. سەندیکای پزیشکانی کوردستان
8. دەزگای ئاماری هەرێمی کوردستان
9. پسپۆرانی تایبەتمەندی سەرجەم بوارەکانی ناو راپۆرتەکە کە وایان بەباش زانیوە لەبەر بارودۆخی تایبەتی خۆیان ناویان نەهێندرێت.
10. ئاماری هەرسێ بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی لە پارێزگاکانی سلێمانیو دهۆكو هەڵەبجە.

- سەرجەم داتاکانی ناو ئەم راپۆرتە لەماوەی مانگی نیسانی 2023 تا 31ی مانگی کانونی دوەمی 2024 کۆ کراونەتەوە.

ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED.

## خاوەنداریێتی ئەم راپۆرتە:..................................................

- دەزگاکانی راگەیاندن ماڤی بڵاو کردنەوەو بەکار هێنانی کۆی راپۆرتەکە یان بەشێك لە زانیاریەکانی راپۆرتەکەیان هەیە بەو مەرجەی ناوی ڕێکخراوی ئاران وەك خاوەنی راپۆرتەکە بهێنن.
- ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییو نێودەوڵەتیەکانو سەندیکاکانو دامەزراوە حکومیەکان بۆ بڵاوکردنەوەو بەکارهێنانی زانیاریەکانی ناو ئەم راپۆرتە پێویستیان بەوەرگرتنی رەزامەندی ڕێکخراوی ئاران هەیە.
- توێژەرانو قوتابیانی زانکۆو پەیمانگاکان یان قوناغەکانی دیکەی خوێندن ماڤی بەکارهێنانی ئەم راپۆرتەیان هەیە، تەنیا بەو مەرجەی ڕێکخراوی ئاران ئاگادار بکەنەوە، ئەویش لە پێناو زیاتر هاوکاری کردنیانو پێدانی بەرچاو رونی زیاتر.

### ستاڤی ئامادەکار

**بەرێوەبەری پرۆژە**

هەژار وهاب عوسمان

**بەرپرسی پەیوەندیوهەماهەنگی**

ئاسۆ محمد مستەفا

**بەرپرسی دارایی**

**نیزام نازم عبدل**

**تیمی ئامادەکار**

**بەختیار رحیم محمد ، سەرۆکی تیم**

**ئەژین کامەران ئەبوبەکر، ئەندامی تیم**

**یوسف عاصی علی، ئەندامی تیم**

**بۆردی تەندروستی:-**

**دیزاینی راپۆرت**

**شوان رحیم**

www.aranngo.org aran-deve@aranngo.org